خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5754) سێ شەممە 21ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

گریتا ثان ستێرن بۆ خەبات: دەوڵەتی کوردستان لە ئایندەدا دەبێتە خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئیقلیمیش



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

گریتا ثان ستێرن یەکێک لە بەناوبانگترین رۆژنامەنووسانی ئەمەریکا و جیهان لەسەر گۆڕانکارییەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و شەڕی داعش و رۆڵی کورد لە ناوچەکەدا بۆ خەبات دەدوێت و تەئکید دەکاتەوە کە سەردانی بۆ شاری هەولێر و دواتریش خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە کۆمەڵێک پێشبینی و بڕوای لا دروستکردووە کە کورد فاکتەرێی بەهێزی ئاشتییە لە ناوچەکەدا و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چاوی رێزەوە لە خەونەکانی کورد بڕوانێت.

زیاتر لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە

مەراسیمی دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە دوای جەژن



ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، مەراسیمی دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن پەرلەماندا بە دەنگدان هەڵدەبژێردرێت، دەکەوێتە دوای جەژنی ڕەمەزان. سەعید مستەفا تەتەرخان، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند بڕیارە مەراسیمی دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەوێتە دوای جەژنی ڕەمەزان، چونکە مەراسیمێکی شایستە بەڕێوە دەچێت و زۆرێک لە سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقیش بانگهێشت دەکرێن. ڕوونیشی کردەوە، هێشتا کاتی کۆبوونەوەی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دیاری نەکراوە، بەڵام دەکرێت لە غیابی کاندیدەکان، پەرلەمان دەنگ بدات، بۆ ئەمەش چاوەڕوانی پەرلەمان دەکەین.

ئەندامەکەی فراکسیۆنی پارتی تەئکیدی لە وتەیەکی سەرۆکی فراکسیۆنەکەیان کردەوە کە ئاشکرای کردبوو، نێچیرڤان بارزانی بەپێی ڕێککەوتنەکان، کاندیدی پارتی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕانە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

سەفین دزەیی: ئێستا لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە

سەفین دزەیی گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت کە حکوومەتی عێراق لە ساڵی 2019 سێ مووچەی ناردووە کە بێ پاشەکەوت دابەشکراون. دەربارەی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بابەتی نەوتی هەرێمی کوردستان، گوتیشی حکوومەتی هەرێم ماوەی ساڵێک زیاترە بە نووسراو، بە فەرمی، بە لێدوان و قسەش ئامادەیی خۆی پیشان داوە بۆ گفتوگۆکردن و چارەسەرکردنی کێشەی نەوت، بەڵام دەبێت بەغدا کاتی کۆبوونەوەکە دیاری بکات، هەرێمی کوردستان لەڕووی پرنسیپەوە هیچ کێشەی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ئەو بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات، دەشڵێت: حکوومەتی هەرێمی کوردستان چ ئێستا چ لە کابینەی داهاتووش لەسەر ئەو مەلەفە ئامادەیە گفتوگۆیەکی جدی بکات و چارەسەرێکی بنەڕەتی و گونجاو بدۆزێتەوە.

سەفین دزەیی گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، ڕایگەیاندووە: پاش ئەو گرژییانەی لە چەند ساڵی ڕابردوو لە نێوان هەولێر و بەغدا دروستبوو، ئێستا لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی د. عادل عەبدولمەهدی، دوای ئەوەی چەندین کۆبوونەوە لەنێوان هەولێر و بەغدا ئەنجامدراوە.

زیاتر لە لاپەڕە دوو بخوێنەوە

د. بەشیر حەداد: داوامان لە عادل عەبدولمەهدی کردووە کە سنووردێک بۆ پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووک دابنرێت

5



تیمی نیشتیمانی بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان پێکهاتووە

3



قایمقامی شنگال: 40 هەزار کەس لە خەڵکی شنگال تا ئێستا بێ ناسنامەن

3

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

2



ئاورینگ شێخ عەلی: پەسەندکردنی پرۆژەیاسای دادگای ئیتیحادی لە بەرژەوەندیی کوردە

3

دلاوەر ئارگەیی: ئەوروپا پێویستی بە کوردستان هەیە و کوردستانیش پێویستی بە ئەوروپا هەیە

2

موقتەدا سەدر: جەنگی ئێران - ئەمەریکا کۆتایی بەعێراق دەهێنێت



سەرکردەی ڕەوتی سەدر لە عێراق، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند، ئەگەر وڵاتەکەی هەڵوێستێکی جددی نەبێت بەرامبەر ئەگەری جەنگی ئەمەریکا و ئێران، ئەوا ئەو جەنگەی لە نێوان هەردوو وڵات هەڵدەگیرسێت، کۆتایی بەعێراق دەهێنێت.


موقتەدا سەدر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی نووسیویەتی: من لەگەڵ هاندانی جەنگی ئێران و ئەمەریکادا نیم. لایەنگری نەدەین، ئەوان ئەو جەنگەی ئەمەریکا و ئێران کۆتایی بەعێراق دەهێنێت.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر لە عێراق لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا دەڵێت: نە عێراق و نە خەڵکەکەشی بەرگەی جەنگێکی تر ناگرن، ئێمە پێویستمان بە ئاشتی و ئاوەدانکردنەوە هەیە، هەرکەسێک هەوڵ بدات عێراق تێوەبگلێنێت لەم جەنگەوە و بیکاتە مەیدانی جەنگ، ئەوا دەبێت بە دوژمنی خەڵکی عێراق.

ئەوەش نیم کە عێراق لەم شەڕەوە تێوەبگلێندرێت. ئەگەر وەک عێراق هەڵوێستێکی یەکگرتوویی جددی نیشان

دۆنالد ترەمپ: بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە ئێران نادەین ببێت بە خاوەن چەکی ئەتۆمی

3





3



دلاوەر ئاژگەیی: ئەوروپا پێویستی بە کوردستان هەیە و کوردستانیش پێویستی بە ئەوروپا هەیە

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا د. دلاوەر خالد ئاژگەیی بەشداری کرد لە دیبەتێکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا کە بۆ 5کاندیدی 5پارتی سیاسی بەڵجیکی رێکخرابوو لە لایەن کۆمەڵەی .FKKB وتەیەکدا نوێنەری حکومەتی هەرێم کە ئاراستەی کاندیدە ئەورووپییەکانی کرد ئاماژەی بەوە دا کە زۆربەی دەنگدەرانی کورد دەنگ بەو کەس و پارتانە دەدەن کە پشتگیری لە مافەرەواکانی گەلی کوردستان بکەن و لە پەرلەمانی ئەورووپا پالپشتی کوردستان بن.

هەروەها د. دلاوەر ئاژگەیی ئاماژەی بەوەش کرد کە کوردستان و ئەوروپا لە رووی جوگرافی لەیەک نزیکن و بارودۆخی ئاسایش و سیاسی و وەبەرهێنانی وزە و کەیسی ئاوارە و پەنابەران کاریگەری راستەوخۆی لە ناوەوەی ئەورووپا دەبێت. شەڕی داعش و رۆڵی پێشمەرگە لەو شەڕە و لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەو پەنابەر لە هەرێمی کوردستان و هەناردەکردنی غازی کوردستانی لە ئایندە وەکوو نمونە هێنانەوە.

لە کۆتاییشدا ئاژگەیی ئاماژەی بەو راستییە حاشا هەڵنەگرە دا کە ئەورووپا پێویستی بە کوردستان هەیە و کوردستانیش پێویستی بە ئەورووپا هەیە. بۆیە دەبێت هاوکاری یەکتر بکەین.

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان هەواڵی چوونی شاندێکی پەرلەمانی بۆ بەغدا پشتڕاستکردەوە. زێدان برادۆستی، ئەندامی لێژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند ئەمڕۆ سێشەممە 2019/5/21 لێژنەکەمان دەچێتە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی جووتیاران. لەبارەی بەرنامەی کاریان گووتی لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ و فراکسیۆنە کوردستانییەکان کۆدەبینەوە و هەوڵ دەدەین لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراقیش کۆببینەوە. زێدان برادۆستی باسی لەوەش کرد، کە لەو سەردانەدا کێشەی جووتیارانی کوردستان دەگەیەنینە بەغدا، گوتیشی: لەبارەی پارەی گەنمییش داواکارییان نووسیوە کە پارەی ئەمساڵ زیاد بکرێت. ئاماژەی بەوەش دا: لەبارەی ڕووداوەکانی پەلکانە و سووتاندنی گەنم و جۆی جووتیاران یاداشتێک دەدەینە حکومەتی عێراق.

سەفین دزەیی: ئێستا لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە

هەرێم لەڕووی پرەنسیپەوە کێشەی لەگەڵ رادەستکردنی 250 هەزار بەرمیلە نەوتەکە نییە



سەفین دزەیی گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت کە حکومەتی عێراق لە ساڵی 2019 سێ مووچەی ناردووە کە بێ پاشەکەوت دابەشکراون. دەربارەی رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بابەتی نەوتی هەرێمی کوردستان، گوتیشی حکومەتی هەرێم ماوەی ساڵێک زیاترە بە نووسراو، بە فەرمی، بە لێدوان و قسەش ئامادەیی خۆی پیشان داوە بۆ گفتوگۆکردن و چارەسەرکردنی کێشەی نەوت، بەڵام دەبێت بەغدا کاتی کۆبوونەوەکە دیاری بکات، هەرێمی کوردستان لەڕووی پرنسیپەوە هیچ کێشەی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ئەو بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات، دەشڵێت: حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئێستا چ لە کابینەی داهاتووش لەسەر ئەو مەلەفە ئامادەیە گفتوگۆیەکی جدی بکات و چارەسەرێکی بنەڕەتی و گونجاو بدۆزێتەوە. سەفین دزەیی گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، ڕایگەیاندووە: پاش ئەو گرژییانەی لە چەند ساڵی ڕابردوو لە نێوان هەولێر و بەغدا دروستبوو، ئێستا لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی د. عادل عەبدولمەهدی، دوای ئەوەی چەندین کۆبوونەوە لەنێوان هەولێر و بەغدا ئەنجامدراوە، چەندین شاند هاتونەتە هەولێر و چەند شاندێکی هەرێمیش چوونەتە بەغدا، گرنگ ئەوەیە ئێرادەیەکی سیاسی لەنێوان هەردوولادا هەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی گوتیشی: گرفتەکان و مەلەفەکان لەنێوان هەولێر و بەغدا کۆمەڵێک گرفت و مەلەفن، ناکرێت بە دانیشتنێک و دوو دانیشتن چارەسەر بکرێن، کۆمەڵێک گرفت هەیە کە بەهۆی جیاوازی ڕێنمایی و یاسا جیاوازەکانەوە لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە، بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی د. عادل یاسای خۆی هەبێت، چونکە پەرلەمانی خۆی هەیە و بەپێی دەستووری عێراقیش ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەکرێت جێبەجێدەکرێت.

دەربارەی کێشەی نەوت لە نێوان هەولێر و بەغدا، سەفین دزەیی رایگەیاندووە: سەبارەت بە نەوت ئەوە بەپێی دەستووری عێراق جیایە، لە هەمانکاتدا بڕگەیەک لە یاسای بودجە هەیە سەبارەت بە نارەدنی مووچە نەک بوودجە، بەڕاستی ئەو 525 ملیار دینارەی لە بەغداوە دێت، بەشی مووچەی هەموو فەرمانبەرانی هەرێم ناکات و دەبێت حکومەتی هەرێم 350 ملیار دیناری تر بخاتە سەر تا بتوانێت مووچە بەبێ پاشەکەوت بدات.

گوتەبێژی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە ڕادەستکردنی بڕی 250 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە بەغدا گوتی: هەرێمی کوردستان لەڕووی پرنسیپەوە هیچ کێشەی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ئەو بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات، بەڵام کۆمەڵێک بابەتی تر هەن کە پێویستە لەو پرۆسەیە چارەسەر بکرێن، ئەگەرنا ئەوە نییە بدرێت یا نەدرێت، هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمەڵێک کۆمپانیای وەبەرهێنەری نەوت لە هەرێمی کوردستان هەیە کە خۆیان سەرمایە گوزارییان لە هەرێمی کوردستان کردووە بە سەدان ملیۆن و ملیارەها دۆلار ئایا داهاتووی ئەو کۆمپانیایانە چی لێدێت؟

سەفین دزەیی گوتیشی: ماوەی ساڵێک زیاترە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراو، بە فەرمی، بە لێدوان و قسەش ئامادەیی خۆی بۆ دانیشتن پیشاندواوە، ئێمە وەک حکومەتی هەرێم ئامادەین هەرکات ئەو دانیشتنە بکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ئێستا چ لە کابینەی داهاتوو لەسەر ئەو مەلەفە گفتوگۆیەکی جدی بکات و چارەسەرێکی بنەڕەتی و گونجاو بدۆزێتەوە تا بتواندرێت ئەو دڵەڕاوکێیە و ئەو گرفتە و ئەو مقۆمقۆیە کە هەندێک لایەن نانی خۆیانی پێدەخۆن لە پەرلەمانی عێراق بە تایبەت حزبە عێراقییەکان نەهێڵدرێت.

سەفین دزەیی لەبارەی دەنگۆی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەلایەن بەغداوە دەڵێت: پێویست بەوە دەنگۆ و دروستکردنی دڵەڕاوکێیە ناکات، بەڕێز وەزیری دارایی حکومەتی عێراقی چەند جارێک هاتووەتە سەرخەت و جەختی کردووەتەوە کە ناردنی مووچە بۆ هەرێم بەردەوامە و ڕانەگیرێت، بەڵام ئەوە چارەسەری کێشەکە لە بنەڕەتەوە نییە، هەرجەندە لە زۆر بابەتی دیکە بەرەوپێشچوونی زۆرباش و هەماهەنگی باش هەیە و ئیشی چاکیش کراوە.

تاجیکستان.. کوژرانی 29 تیرۆریستی داعش لە زیندانێدا

لە ئاکامی گرژی و ئاڵۆزی لە یەکێک لە گرتووخانەکانی ڕۆژهەڵاتی تاجیکستان، سێ پاسەوان و 29 بەندکراو کوژران. وەزارەتی دادی تاجیکستان ڕایگەیاند کە گرژی و ئاڵۆزی لە یەکێک لە گرتووخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە ڕوویداوە و لە ئاکامدا، سێ پاسەوان و 29 بەندکراو کە کە تۆمەتی ئەندامێتی داعشیان درابووەپاڵ کوژراون. زانداراوە ئەو گرتووخانەیەی کە گرژی و ئاڵۆزییەکە تیادا ڕوویداوە دەکەوێتە شاری ڤاکدات ڕۆژهەڵاتی دوشەنبە پایتەختی تاجیکستان، هەروەها ئەندامانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش تیادا بەندکراون. بەپێی مالپەڕی "نیوز 18"ی هەواڵیی ئەمەریکی، وەزارەتی دادی تاجیکستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی ڕووداوەکە بڵاوکردووەتەوە و ئاماژەی بەوەداوە کە 30 بەندکراوی داعش لە گرتووخانەدا بە چەقۆ پەلامارى پاسەوانەکانیان داوە و پاسەوانێک و پێنج بەندکراوی دیکەیان کوشتووە. هەر بەپێی ڕوونکردنەوەکە، لە بەرامبەردا هێزە ئەمنییەکان 24لەو بەندکراوانەیان کوشتووە کە گرژی و ئاڵۆزییەکانیان دروستکردووە. لە کۆتایی ڕوونکردنەوەکەشدا هاتووە کە لەئێستادا ڕەوشی گرتووخانەکە بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی هێزە ئەمنییەکان دایە.

تەحسین زراری: ئەمەریکا دەیەوێت ئێران خۆی بەدەستەوە بدات

واشنتۆن و تاران نایانەوێت راستەوخۆ بچنە ناو جەنگەوە، ئەگەر ڕووشبدات بە وەکالەت دەبێت



خەبات/

ماوەیەی چەند هەفتەیەکە ئیدارەکەی دۆنالد ترەمپ ئاستی گوشارەکانی بۆ سەر تاران زیادکردووە، هەروەها جموجۆڵی سەربازیش لە دژی حکوومەتی ئێران دەستپێکردووە، چاودێرانی سیاسی و سەربازیش لە ڕوانگەی جیاوازەوە خوێندنەوە بۆ ئەم پرسە دەکەن، مامۆستایەکی زانستە سیاسییەکانیش لە زانکۆی سەلاحەدین پێیوایە ئەگەری ڕووداوی شەڕ ئاسان نییە، بەڵام ئەو ئەگەرەی کە پێی دەڵێن تەسلیمبوونی ئێران، چاوەڕوانکراوە، ئەگەرچی ئەویش ئاسان نییە.

تەحسین زراری، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین سەبارەت بە ئەگەری ڕووداوی شەڕ لە نێوان ئەمەریکا و ئێران چەند ئەگەرێک دەخاتەڕوو و بۆ خەبات ڕایگەیاند: پشتبەستن بە زانیارییە ڕاگەیەندراوەکان لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە پشتبەستن بە خوێندنەوە و لێکدانەوەکان دەتوانین لە چوارچێوەی سێ بژاردەی سەرەکی لێکدانەوە بۆ پرسەکە بکەین، یەکەم بژاردەی دیالۆگ بۆ یەکلاکردنەوە یان خاوکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان، ئەمە یەکێکە لە بژاردەکان لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ئاستی متمانە بە یەکتریان لاوازە، بەڵام ڕووداوی جەنگ بۆ هەردوولایان کاریگەری نەرێنی دەبێت، بۆیە بەپێی ئەم ئەگەرە هیچ لایەکیان نایانەوێت بچنە نێو جەنگ. هەروەها ئەو مامۆستایەی زانکۆ بژادەی دووەمیش دەهێنێتەوە و دەڵێت: تەسلیمبوون یان خۆبەدەستەوەدانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەم بژاردەیە بە لای ئیدارەی ئەمەریکا زۆر گرنگە و مەبەستی سەرەکی ئەمەریکاشە کە ئێران خۆی تەسلیمی ئەمەریکا بکات، بەڵام ئەم بژاردەیەش سەبارەت بە ئێران وا ئاسان نییە، چونکە تەسلیمبوونی ئێران بە مانای ئەوە دێت کە ئێرانێک بێت بە دڵی ئەمەریکا، ئەمەش بۆ ڕژێمی دەسەڵاتدار لە ئێران زۆر مەترسیدارە، چونکە واشنتۆن نایەوێت تاران ببێتە بەربەست لەبەردەم ئەمەریکادا.

تەحسین زراری لە بژاردەی سێیەمیشدا پێیوایە، سەردەڕای ئەوەی ئێران لە ڕووی توانای سەربازییەوە لاوازترە لە ئەمەریکا، بەڵام دەسەڵاتدارانی جەخت دەکەنەوە کە تەسلیمی ئیرادەی ئەمەریکا نابن و ئەمەش دەرگا دەکاتەوە بۆ بژاردەی جەنگ، بەڵام بە سەرەنجدان لەم سێ ئەگەرە، دەتوانین بڵێین بژاردەی سێیەم کە بژاردەی جەنگە ئاسان نییە، بەڵکو دوو بژاردەکەی تر، زیاتر ئەگەری ڕووداوانیان زیاتر بێت، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر هاتوو بژاردەی جەنگ ڕووبدات بە بۆچوونی من شەڕێکی بە وەکالەت دەبێت، نەک هەردوولا ڕاستەوخۆ بچنە نێو جەنگەوە.

بەغدا... بە مووشەکی کاتیوشا هێرشکرایە سەر ناوچەی سەوز

بە مووشەکی کاتیوشا هێرشکرایە سەر ناوچەی سەوزی شاری بەغدا پایتەختی عێراق. بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوەی کە شەوی دووشەمە لە لایەن شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بڵاوکراوەتەوە بە مووشەکی کاتیوشا هێرشکراوەتە سەر ناوندی ناوچەی سەوز لە شاری بەغدا. ڕاشگەیەندرا کە هێرشەکە هیچ زیانێکی لێ نەکەوتووەتەوە. لە کاردانەوەیەکیشدا سکرتێری گشتی سەربازیی سەرۆکوەزیرانی عێراق، محەمەد بەیاتی لەبەرامبەر کەوتنەخوارەوەی مووشەکێکی کاتیۆشا لە ناوچەی سەوز ڕایگەیاند، ئەو کردەوانە ڕامان ناگرێت لە کردنەوەی ناوچەکەدا بەڕووی هاتوچۆدا. بەیاتی لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیەنراندن گوتی: هێرشی کاتیۆشا بۆسەر ناوچەی سەوز، کاریگەریی نابێت لەسەر ئەو بڕیارەمان کە لە میانی ڕۆژانی داهاتوودا ناوچەکە بەڕووی هاتوچۆدا دەکرێتەوە. ناوچەی سەوز هەمووی بەڕووی هاتوچۆدا دەکرێتەوە.

خاوی بڕێنت ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد و گەیشتە 73 دۆلار و 20 سەنت



نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا، ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد و هەر بەرمیلێکی بە 73 دۆلار و 20 سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت. لێدوانەکان لەبارەی زیادنەکردنی ئاستی بەرهەمهێنان لە لایەن وڵاتانی هەناردەکار لە ڕێکخراوی ئۆپێک کاریگەری هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا. پێشتر وەزیری وزەی سعوودیە، خالید فالح ڕایگەیاندبوو کە ئاستی بەرهەمهێنان زیاد ناکەن و ئامانجی بەرهەمهێنان لە لایەن وڵاتانی هەناردەکار لە ڕێکخراوی ئۆپێک عەمبارکراو لە جیهان تا دێت زیاد دەکات کە ئەمەش پێچەوانەی خواستی بازاڕەکانی جیهانە. ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووش بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی بازاڕەکانی نەوت، لێژنەی هاوبەش بۆ چاودێریکردنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەم لە شاری جیدە ڕۆژئاوای سعوودیە کۆبوویەوە. جێی باسە لە سەرەتای ئەمساڵ وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپێک و بەرهەمهێنانی سەربەخۆ بەڕابەرایەتی ڕووسیا گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە بۆ ماوەی شەش مانگ ئاستی بەرهەمهێنان بە بڕی یەک ملیۆن و 200 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بکەنەوە.

گرێتا ڤان ستێرن بۆ خەبات:

دەوڵەتی کوردستان لە ئایندەدا دەبێتە خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئیقلیمیش



-هۆلیود چیرۆکەکانی سەرکەوتنی پێشمەرگە دەکەنە چەندین بەرهەمی گرنگ

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

گرێتا ڤان ستێرن یەکێک لە بەناوبانگترین رۆژنامەنووسانی ئەمەریکا و جیهان لەسەر گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی داعش و رۆڵی کورد لە ناوچەکەدا بۆ خەبات دەدوێت و تەئکید دەکاتەوە کە سەردانی بۆ شاری هەولێر و دواتریش خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە کۆمەڵێک پێشبینی و بڕوای لا دروستکردووە کە کورد فاکتەری بەهێزی ئاشتییە لە ناوچەکەدا و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چاوی رێزەوە لە خەونەکانی کورد بڕوانێت.

خاتو گرێتا کە یەکێکە لە بەتواناترین و دیارترین رۆژنامەنووسەکان کە چەندین بەرنامەی لە کەناڵە جیهانییەکانی وەک سی ئێن ئێن، فۆکس نیوز، سی بی ئێس، هەبووە و سەرۆکەکانی 25ساڵی رابردووی ئەمەریکای لە بەرنامەکانی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات ئاماژەی بۆ ڕاهاتنی کورد لەگەڵ کێشەکانی ناوچەکە کرد و گوتی: ئەو نەهامەتی و جینۆسایدەی بەسەر گەلی کورددا هاتووە بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە گەلانی ناوچەکە دوانەدووە لە لێدوانێکی ئابووریيەکاندا خۆڕاگربێت و من لە ساڵی 2014 لە هەولێر بە دیداری سەرۆک بارزانی گەیشتم و قسەکانی ئێجگار ئومێدبەخشبوون بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شرۆڤەی من بۆ قسەکانی سەرۆک بارزانی و لەبەردەم تەنگەژە سیاسی و حکوومەت و خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو ئاوارە مەسیحی و ئێزیدی و موسڵمانەی عێراق و سووریا و ناوچەکە دەیکەن وادەکات بگەمە ئەو قەناعەتەی کە دەوڵەتی کوردی لە ئایندەدا تەنها خواستی گەلی کورد نەبێت، بەڵکو گەلانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەزەرووردتی بزانن لەپێناو گەرانەوەی سەقامگیریی و لەناوبردنی تۆندرۆیی لەناوچەکەدا.

خاتو گرێتا بەشانازییەوە باسی پێشمەرگە و قارەمانێتی پێشمەرگەی لە شەڕی دژ بە داعشدا کرد و گوتی: ئێستا پێشمەرگە هێمای نازایەتییە و رەنگە هۆلیود چیرۆکەکانی سەرکەوتنی پێشمەرگە بکەنە چەندین بەرهەمی گرنگ.

سووتاندنی دەغڵ ودانی کوردان لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەردەوامە

سووتاندنی دەغڵ ودانی کوردان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەردەوامەو شەوی 19ی ئایار بۆ چەندەمین جار لە چەند گوند و ناوچەیەکی نێوان شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و شارۆچکەی خانەقین و شارەدێی جەلەولا ی ئاگر لە دەغڵودان و زەوی و زاری جووتیارانی کورد بەر دراوە. لەمبارەوە ژمارەیەک لە جووتیارانی ناوچەی "شێخ باوە"ی نێوان کەلار و خانەقین، بە خەبات ـ یان ڕاگەیاند شەوی 19ی ئەم مانگە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە ئاگر لە زەوی و دەغڵدانی جووتیاران بەر دراوە و زیانی زۆری مادیی لێ کەوتووەتەوە.

هاوکات رائید سمکۆ عەلی، بەرێوەبەری ئاسایشی "کۆڵەجۆ"ی سەر بە ئاسایشی گەرمیان، هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە و ڕایگەیاندوە ئەوان نزیک لە ناوچەکەن بەڵام ئەو ناوچەیەی ئاگری گرتووە لە نێوان کەلار و جەلەولایە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوانە.

سەرچاوەیەکی پۆلیسی خانەقینیش بە خەباتی ڕاگەیاند کاتژمێر 10ی شەوی 19ی ئایار دیسان زەوی و دەغلودانی چەند جووتیارێک لە چەند گوندێکی خانەقین سووتاوە و ئەوانیش تیمەکانی بەرگری شارستانیی گەرمیانیان ئاگادار کردووەتەوە.

نیعمەت عەلی، گوتەبێژی بەرێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی گەرمیان، ڕایگەیاند دەغڵودانی سنووری گوندەکانی "خەیال و غەیدان" سووتاون وتیمەکانمان چوونەتە ئەو گوندانە بۆ کۆژاندنەوەی.

ناوچەی شێخ باوە لە نێوان قەزای کەلار و شارۆچکەی جەلەولا بەپیتترین ناوچەی کشتوکاڵیی سنوری گەرمیان و دێتە ئەژمار.

قایمقامی شنگال: 40 هەزار کەس لە خەڵکی شنگال تا ئێستا بێ ناسنامەن

قایمقامی شنگال رایدەگەیەنێت کە بەهۆی ئاوارەبوونیان ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارۆچکەکە ناسنامەیان ون کردووە، بەڵام تا ئێستا ئیدارەی ئەو شارۆچکەیە 170 هەزار ناسنامەی دەرکردووە و بەردەوامیشن. مەحما خەلیل قایمقامی شنگال رایگەیاندووە: دوای داگیرکردنی شارۆچکەکە لەلایەن داعش و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی ژمارەیەگی زۆری هاوڵاتیانی ئەو شارە ناسنامەی باری شارستانییان ون کردووە، بەڵام پاش ئازادکردنی شنگال و دەستبەکاربوونی ئیدارەی شارەکە تا ئێستا توانیویانە ناسنامە بۆ 170 هەزار کەس دابنشتوانی ناوچەکە قایمقامی شنگال جەختی کردەوە: هەر هاوڵاتییەک دانیشتووی ڕەسەنی شنگال نەبێت و لە بەرێوەبەرایەتی ناسنامە پێشینەی نەبێت ئێمە ناسنامەی پێنادەین، چونکە خەڵکێکی زۆری بەرەگەز عەرەب لە سنووری سوریاوە دێن بەڵام بەهیچ جۆرێک ناسنامەیان پێنادرێت. ئاماژەی بە ئەوەش کرد: نزیکەی 40 هەزار کەس تا ئێستا بێ ناسنامەن بۆیە ئێمە بەردەوام دەبین تا یەک کەس مابێت ناسنامەی پێبدەین، بەڵام بەپێی یاسا و بە پشتگیری لایەنی ئەمنی و دادگا کارەکان بەڕێوەدەچن.



دەربکەن. ڕاشیگەیاند: تا ئێستاش بەردەوامین لە دەرکردنی ناسنامە بۆ دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە لە کوردانی ئێزیدی، بۆ ئەم مەبەستە چەند تیمێکی گەڕۆکمان دروستکردووە کە ڕۆژانە سەردانی کەمپەکان دەکەن و کاروباری هاوڵاتیان جێبەجێ دەکەن.

سەبارەت بە ڕێککارەکانی پێدانی ناسنامە بە

تیمی نیشتیمانی بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان پێکهاتووە



بە گوتەی بەرپرسێکی دەستەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان لەسەر کارەساتی کوردانی ئێزدی، تیمی نیشتیمانی لە نێوان هەرێم و بەغدا بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان پێکهاتووە و دەشڵێ، تا ئێستا 10 گۆڕ هەڵدراونەتەوە، کە ڕووفاتی 138 کەسیان تێدا بووە. ڕائید فەلاح حەسەن، ئەندامی دەستەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان لەسەر کارەساتی کوردانی ئێزدی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لێژنەیەکی هەماهەنگی لە نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ پێکهاتووە و لە ئێستادا هاوکارییەکی باش هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی کوردانی ئێزدی، لەو چوارچێوەیەشدا دەست بە هەنگاوی جیددی کراوە.

ئەو بەرپرسەی دەستەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان دەڵێت: تا ئێستا 73 گۆڕی بەکۆمەڵی کوردانی ئێزدی دۆزراونەتەوە و هەموشیان هی سەردەمی هێرشی تیرۆرستانی داعشن، کە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی ئێزدی بوونە قوربانی، بەڵام تا ئێستا توانراوە تەنیا 10 گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵبدرێنەوە، کە ڕووفاتی 138 قوربانییان تێدا بووە، ڕووفاتەکانیش نموونەیان لێ وەرگیراوە و ڕەوانەی بەغدا کراون بۆ پشکنینی DNA دوای گەڕانەوەی ئەنجامەکەیشی، ڕادەستی کەسوکاریان دەکرێنەوە. حەسەن ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: لە سەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە تیمی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان کارەکانی ڕاگرتووە و بڕیارە دوای جەژن دەست بە کارەکانی بکاتەوە، کە تیمێکی نیشتیمانییە و لە شارەزایانی هەرێم و بەغدا پێکهاتووە. پەیوەست بە ڕێگریی هێزەکانی ناوچەکە، ڕائید فەلاح دەڵێت: ئێمە لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ئەمسالەوە دەستبەکار بووین، ڕاستە لە ماوەکانی ڕابردوودا ڕێگری لە کارەکانمان دەکرا، بەڵام ئەو کێشەیە چارەسەر کراوە و تیمی نیشتیمانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا پێکهاتووە بۆ ئەوەی کێشە و ئاستەنگ نەمێنن.

ئاورینگ شێخ عەلی: پەسەندکردنی پرۆژەیاسای دادگای ئیتیحادی لە بەرژەوەندیی کوردە




پرسی دادگای ئیتیحادی، یەکێکە لەو پرسانەی ماوەی 15 ساڵە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە لە عێراقدا و بڕیارە لە ڕۆژانی دابێ پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر پرۆژەیاسای دادگای ئیتیحادی بدات، شارەزایەکی یاساش پێی وایە، دەرکردنی یاساکە لە بەرژەوەندیی کوردە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە یاسایی و دەستوورییەکان.

ئاورینگ شێخ عەلی، شارەزای یاسا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: گرنگیی پەسەندکردنی پرۆژەیاسای دادگای ئیتیحادی لەوەدایە، تا ئێستا کار بە یاسای سەردەمی بڕیەر دەکرێت، کە زۆرێک لە ماددەکان لەنێو دەستووری عێراقدا هاتوون لەبارەی دادگاکەوە، بەڵام پێم وایە پەسەندکردنی لە بەرژەوەندیی کوردە، چونکە دەزگایەکی یاسایی دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە یاسایی و دەستوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا.

گوتیشی: دادگای ئیتحادی لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر لە بڕیارەکانیدا بێلایەنی هەڵبژێرێت، بەڵام بێ دەستوەردانیش نەبووە، لەبەر ئەوەی هەندێک جار دادگا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی لایەنە سیاسییەکانی عێراقەوە، بۆ نموونە کاتێک تەفسیری گەورەترین کۆتلەی پەرلەمانی کرد، لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی یاسای نووری مالیکی بڕیاری دا و لیستی عێراقییەی ئەیاد عەللاوی شکایەوە. لەبارەی دانانی ئەندامانی دادگای ئیتیحادی لە پێکهاتەکانی عێراق، ئاورینگ شێخ عەلی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ڕاستە دانان و هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای ئیتیحادی دابەش دەکرێت لە نێوان کورد و سوننە و شیعەدا، کە ئەویش بەپێی ماددەی یاسایی دەبێت، بە تایبەتی کاتێک داوای وەرگرتنی ڕای زانایانیان کردووە، من پێموایە بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی مەدەنی، دەبوایە ئەندامانی دادگا تەنها لە دادوەر و پسپۆڕانی ئەکادیمیی یاسای دەستووری و کارگێڕی پێکهاتبایە.

ئا/قائید میرۆ

دۆنالد ترەمپ: بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە ئێران نادەین ببێت بە خاوەن چەکی ئەتۆمی



من کەسێک نیم کە باوەڕم بە هەڵگیرسانی شەڕ هەبێت و شەڕخواز بم، چونکە جەنگ زەربە لە ئابووری دەدات و گرنگتر لەوەش دەبێتە هۆی کوژرانی مرۆڤەکان، بەڵام ڕێگەش نادەم ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگات و ئەوانیش ناتوانن هەڕەشە لە ئێمە بکەن و پێیان دەڵێم جارێکی دیکە هەڕەشە لە ئەمەریکا نەکەن.

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە جەنگی لەگەڵ ئێراندا ناوێت و ئاماژەی بەوەش دا کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە ئێران نادات ببێت بە خاوەن چەکی ئەتۆمی. دۆنالد ترەمپ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تۆری FOX NEWS گوتی: جەنگم ناوێت و لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ڕێگە بە ئێران نادین ببێت بە خاوەن چەکی ئەتۆمی. سەبارەت بە کاریگەریی سزا ئابووریيەکانی سەر ئێران، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ گوتی: لە ڕووی ئابووریيەوە ئێران بە تەواوی وێران بووە. هەروەها دۆنالد ترەمپ ڕۆژی یەکشەمە و یەک کاتژمێر دوای ئاراستەکردنی مووشەکێکی کاتیۆشا بۆ سەر باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە ناوچەی سەوزی بەغدا، لە تویتێکدا نووسیبووی "ئەگەری هەڕەشەکردن لە ئەمەریکا، کۆتایی فەرمیی ئێرانی بەدوادا دێت.

سەرکۆماری ئەمەریکا ئاماژەی بەوەش کرد کاتێک هاتووەتە ناو کۆشکی سپییەوە 14 یان 15 ناوچە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕ و ئاڵۆزییان تێدا بووە و هەرکامەشیان بە دنە و هاندانی ئێران و سەربازەکانی ئێران، ناوچەکەیان ئاڵۆز کردبوو و من ئەمەم بە کارێکی ترسناک وەسف کرد، بۆیە کۆتاییم بە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران هێنا. دۆنالد ترەمپ لەبارەی هەڵگیرسانی شەڕیش لەگەڵ ئێران گوتی:

حکوومەتی هەرێم وەڵامی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە ڕەوشەکانی مافی مرۆڤ بۆ ساڵی 2018 دەداتەوە

بۆ کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبی و ئیتنییەکان، هەرێمی کوردستان تاکە شوێنە کە تیایدا هەموان هەست بە ئاسوودەیی دەکەن

یەک کەسیش لە هەرێمی کوردستاندا نییە لە سەر جیاوازیی نەتەوەیی ڕووبەڕووی کێشە بووبێتەوە

ڕۆژی 13ی ئاداری 2019 وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان بۆ ساڵی 2019بڵاوکردەوە. بەشێکی ڕاپۆرتەکە تەرخانکراوە بە عێراق و هەرێمی کوردستان و تێیدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕەخنە لە حکوومەتی هەرێم دەگرێت بەوەی لە ساڵی 2018دا پێشێلکاری دژ بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجامداوە. لەم ڕاپۆرتەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا وەک پێشتر لەرووی داڕشتنی ڕاپۆرتەکەیان هەمیشە هەوڵدراوە پێگە و کردارەکانی حکوومەتی هەرێم تێکەڵ بە حکوومەتی فیدراڵ بکرێت و هیچ تایبەتمەندیەک بە قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتێکی جوگرافی لە ناوچەکە نادات. نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم لەسەر ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە ڕەوشەکانی مافی مرۆڤ بۆ ساڵی 2018 پرێس کۆنفرانسێکی ڕێکخست.



د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: ئاراستەکردن و ساغکردنەوەی تۆمەت لەسەر هەرێم بەبێ بوونی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پێشینەی هەڵسەنگاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و زۆرێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە، بەبێ ئەوەی دڵنیابن لە هەنگاو و کردارەکانی حکوومەتی هەرێم چەندین تۆمەت دەدەنە پاڵ حکوومەتی هەرێم و دەزگا ئەمنییەکان. هەروەها زۆرینەی ئەو زانیارییانەی کە لەم ڕاپۆرتەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژەیان پێکراوە لەلایەن خۆیانەوە پشتڕاست نەکراونەتەوە بەڵکو بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی دیکەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی نووسراوە.

د. دیندار زێباری دەڵێت: بۆ کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبی و ئیتنییەکان، هەرێمی کوردستان تاکە شوێنە لە سەرتاپای عێراق کە تیایدا هەموان هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و تەنانەت یەک کەسیش نییە کە لە هەرێمی کوردستاندا لە سەر جیاوازی نەتەوەیی ڕووبەڕووی کێشە بووبێتەوە، چونکە حکوومەتی هەرێم بەردەوام پشتگیری لە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی دەکات کەچی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوە لە ڕووی ئازادی و پاراستنی کەمینەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕەخنەی ئاراستەی هەرێم کردووە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سیاسەت، ستراتیجیەت و هەوڵەکانی هەرێم بکات لەرووی پراکتیکییەوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم سەبارەت کردەوە تیرۆریستییەکەی سەر پارێزگای هەولێر کە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا وەک کارێکی ڕەگەز پەرەستیانە و توندئاژۆییانە باسی لێوە کردووە دەڵێت: لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەند جارێک تیرۆریستان کردەوەی خۆکوژییان لە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان ئەنجامداوە و لە کۆی ئەو کردەوانە بەشی هەرە زۆری قوربانییەکان کوردی موسڵمان بوون و ئامانج تەنها تێکدانی ڕەوشی ئارامی و سەقامگیری کوردستان و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بووە لە ناو هاوڵاتیان. هەر بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە کۆژرانی ئەو فەرمانبەرە کریستیانە لە باڵاخانەی پارێزگای هەولێر بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ئاییندیەوە نەبووە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێم جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "هێزە ئاسایش پارێزەکانی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2004 و 2011دا کاروبارەکانیان بە پێی یاسا ڕێکخراوە، لەبەر ئەوە ئەم دەزگایانە بە شێوەیەکی شەرعی بەشێکن لە پێکهاتە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان و کار بۆ پاراستنی هەبوو لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی 70 و 80لە پلانی ڕیفۆرمی پێشمەرگە پرۆژەیەکی تایبەت هەیە بۆ ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی یەکەی 70و 80 بە شێوەیەک کە دامەزراندن، لۆجستی، مەشق و هەموو کاروباری ئیداری لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا بێت.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی وەڵامەکەیدا سەبارەت بە پرۆسەی گەندەڵی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵ و کۆششەکانیاندا بەردەوامە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی، دیارە گەندەڵیش بووە بەدیاردەیەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵیش پرۆسەیەکی بەردەوامە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە و ڕادەستکردنی گەندەڵکاران بە دادگا. لەم ڕووەوە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی لە 2016/2/10 بە فەرمانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بڕیاری دەرکرد بۆ خێرا ئەنجامدانی چاکسازیی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێم.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند: ئەوەی دەگوترێت هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە ئەشکەنجەی خەڵک دەکەن، مامەڵەی نامرۆڤانەیان لەگەڵ ئەنجام دەدەن و سوکایەتیان پێدەکەن و سزایان دەدەن دوورە لە ڕاستییەوە بەڵکو بە باشترین شێوە مامەڵەی مرۆڤانەیان لەگەڵ دەکرێت، هیچ کەس و لایەنێک تاوەکو ئێستا گلەیی و ڕەخنەی ئەمەی نەبووە چ لای دەزگای داواکاری گشتی چ وەک دادگاکان. هەروەها نوێنەری دەزگای داواکاری گشتی لە دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایش و دەزگا ئەمنیەکان هەیە و تا ئێستا هیچ حالەتێکتۆمار نەکراوە کە ئاسایش ڕەتیبکاتەوە بەندکراوێکی لابێت لەبەر ئەوەی ڕێگا نەدەن ڕێکخراوەکان چاویان پێی بکەوێت".

به دروشمی "ئەکرەم ئیمامۆغلۆ کاندیدی 16 ملیۆنە نەوەک هی جەهەپە"

سبەی جەهەپە دەست بە کەمپینی هەڵبژاردنی ئیستانبوڵ دەکات



16 ملیۆنە نەوەک هی جەهەپە" دەست بە کەمپینەکەی بکات.

لەو گردبوونەوەیەدا کە بڕیارە سازبکرێت، ئیمامۆغلۆ پرۆژەکانی دەخاتەڕوو، چاودێران دەکرێت لە پاڵ سەرۆکی گشتیی جەهەپە، کەمال کلێچدارئۆغلۆ سەرۆکی گەورە شارەوانی، شار و شارۆچکەکانی پارتەکە بەشداریی بکەن و بەڕێرسانی ئیبیی پارتی-یش ئامادەبن. هەر لە کەمپینەکەدا دروشمی "هەموو شتێک زۆر جوان دەبێت"، لەگەڵ چەند دروشمێکی جیاواز دەگوترێتەوە. کەمپینەکە لە لایەن جێگری سەرۆکی گشتیی جەهەپە، سەیت تۆرون و سەرۆکی لقی ئیستانبوڵی پارتەکە، جانان کافتانجیئۆغلۆوە بەڕێوەدەبرێت و سەرۆکی گشتیی جەهەپە و سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ لەگەڵ چەند بەرپرسێکی دیکەی پارتەکەش، کەمال کلێچدارئۆغلۆ لەو ماوەیەدا زوو زوو سەردانی ئیستانبوڵ دەکات و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی دیکەدا کۆدەبێتەوە. لە لێدوانێکیدا سەیت تۆرون باسی لەوە کرد کە ڕۆژی چوارشەمە لەو گردبوونەوەیەی تیایدا دەست بە قۆناغی کەمپینەکە دەکەن وردەکاری کەمپینەکە وەک دروشمی هەڵبژاردنەکە، دێمەن و موزیکی هەڵبژاردنەکە بۆ ڕای گشتیی ڕادەگەیەنن. تۆرون گوتیشی: لە مەیانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا ئێمە تەنها ڕاستییەکان دەگەینینە خەڵک. هەرگیز پێکدانادەین. ئێمە ئیستانبوڵ بەڕێوەدەبەین. کاک ئەکرەم خزمەتی 16 ملیۆن ئیستانبوڵی دەکات.

داواکاری گشتیی تورکیا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ نزیکەی 300 ئەندامی ڕێکخراوەکەی گوڵەن دەرکرد



لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە گرووپەکەی فەتحوڵا گوڵەن، سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی ئەنقەرە بە تۆمەتی ساختەکاری لە بەڕێوەندی کاندیدانی ڕێکخراوەکە لە تاقیکردنەوەکانی وەرگرتنی کارمەند بۆ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ 249 گومانلێکراو دەرکردووە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی تورکیاوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە پێنج لێکۆڵینەوەی جیا هەیە لەبارەی ئەو تاقیکردنەوانەی کە بۆ کاندیدی کارمەندی پیشەیی کراوە لە ساڵانی 2010، 2011، 2012 و 2013 بە مەبەستی دەستگیرکردنی 42 گومانلێکراوانیش لە پارێزگا ئۆپەراسیۆن ئەنجامدراوە کە ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکە ئەنقەرە بوو و تا ئێستا لەلایەن تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئەنقەرەوە بە دەیان کەس لە ڕێگەی ئەو تاقیکردنەوانەوە دامەزرێندراون. بە مەبەستی دەستگیرکردنی گومانلێکراوان لە پلانگێڕان لە ساڵی 2016 لە دژی حکوومەتی تورکیاوە تۆمەتبارکراوە بە پلانگێڕان لە ساڵی 2016 لە دژی حکوومەتی تورکیاوە بەگوێرەی میدیاکانیش ئەوەیش خراوەتەڕوو کە 275 کەس لە ڕێگەی ئەو تاقیکردنەوانەوە دامەزرێندراون. بە مەبەستی دەستگیرکردنی گومانلێکراوان لە هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی هەرێمەکە دەکەن لە هەڕەشەکان. هەروەها سەبارەت بە هێزەکانی یەکەی 70 و 80 دەبێت بگوترێت کە فەرماندەی یەکەی 70 و فەرماندەی یەکەی 80 ئەندامن لە ئەنجومەنی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و پاڵە بەرز کردنەوەیان لەڕێگەی وەزارەتی پێشمەرگەوە دەبێت. ئەم هێزانە لە شەڕی دژ بە داعشدا ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕاو و هەماهەنگییەکی زۆر باش ئاسایشی ئەنقەرە وە دژبەئەمەدوای ئەوەی دەستبەردار بوون لە دەستیپێکردووە بۆ دەستگیرکردنی ئەو هەڵمەتێک دەستیپێکردووە بۆ نزیکەی 300 ئەندامی ڕێکخراوەکەی گوڵەن بن، تاوەکو ئێستاش پۆلیس و ئاسایشی ئەو وڵاتە زیاتر لە 80 گومانلێکراویان دەستگیرکردووە و بەدوای ئەوانی دیکەشدا دەگەڕێن.

وەزیری دەرەوەی سعوودیە وڵاتی قەتەر بە پاڵپشتیکردنی تیرۆر تۆمەتبار دەکات

وەزارەتی دەرەوەی قەتەر: تۆمەتەکانی عادل جوبەیر بێ بنەمان و هیچ بەهایەکیان نییە



وەزارەتی دەرەوەی قەتەر وەڵامی لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی سعوودیە، عادل جوبەیری دایەوە و ڕایگەیاند کە تۆمەتبارکردنی دۆحە بە پاڵپشتیکردن لە تیرۆر ڕەت دەکەنەوە. وەزیری دەرەوەی سعوودیە، عادل جوبەیر لە نوێترین لێدوانیدا، قەتەری بەوە تۆمەتبار کردبوو کە پشتیوانی لە تیرۆر و سوکایەتی بە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دەکات. لە وەڵامی ئەو لێدوانەی عادل جوبەیر، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی قەتەر: بانگەوازەکانی عادل جوبەیر بێ بنەما و هیچ بەهایەکیان نییە، بۆیە شایەنی وەڵامدانەوە نین. ئەمەش لە کاتێکدایە، هێشتا قەیرانی کەنداو کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2017دا سەری هەڵداوە درێژەی هەیە. قەیرانی کەنداو لەوە کاتەدا سەریهەڵدا کاتێک هەریەک لە سعوودیە، ئیمارات، بەحرێن و میسر بە بیانووی ئەوەی کە قەتەر پشتیوانی لە تیرۆر دەکات، سەرجەم پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەردا هەڵپەسارد و گەمارۆیی وشکانی و ئاسمانییان بەسەردا سەپاند.

چووەتەوە، ئەو سیاسەتەی کە هەریەک لە سعوودیە، ئیمارات، بەحرێن و میسر ماوەی دوو ساڵە پەیڕەوی دەکەن، یەکگرتوویی ناوچەی کەندااوی پارچە پارچە کردووە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی قەتەر ئاماژەی بەوەشدا کە فشارەکانی هەریەک لە سعوودیە، ئیمارات، بەحرێن و میسر تەنها ئامانج لێی قەتەر نییە، بەڵکو ژمارەیەک وڵاتی عەرەبیشە.

ناوبراو ئەوشی گوتووە: تۆمەتەکانی عادل جوبەیر بێ بنەما و هیچ بەهایەکیان نییە، بۆیە شایەنی وەڵامدانەوە نین. ئەمەش لە کاتێکدایە، هێشتا قەیرانی کەنداو کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2017دا سەری هەڵداوە درێژەی هەیە. قەیرانی کەنداو لەوە کاتەدا سەریهەڵدا کاتێک هەریەک لە سعوودیە، ئیمارات، بەحرێن و میسر بە بیانووی ئەوەی کە قەتەر پشتیوانی لە تیرۆر دەکات، سەرجەم پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەردا هەڵپەسارد و گەمارۆیی وشکانی و ئاسمانییان بەسەردا سەپاند.

چین بۆ ئەمەریکا: دەستبەرداری گێرەشێوێنییەکانت بە لە دەریای باشووری چین



دوای ئەوەی کە کەشتییەکی جەنگی سوپای ئەمەریکا لە دەریای باشووری چین نزیکبوویەوە کە بانگەشەی مووڵکداریی دەکات، کاردانەوەکانی چین دوانەکەوتن و داوا لە ئیدارەی واشنتۆن دەکات کە دەستبەرداری ئەو هەوڵە گێرەشێوێنیانە بێت. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین، لو کانگ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا کە لە پەکینی پایتەخت ڕێکیخستبوو، باسی لە نزیکبوونەوەی کەشتی USS Preble ی تێکشکێنەری ئەمەریکی کرد لە دوورگەی هوانگیان و گوتی: بانگەواز دەکەین بۆ ئەمەریکا بۆ ئەوەی بەدوور بێت لە زیانگەیاندن بە سەقامگیری و ئاشتی و پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، دەبێت هەرچی زووتر دەستبەرداری ئەو گێرەشێوێنیانەی بێت. لو کانگ گوتی: جارێکی تر لێرە دەیڵێمەوە کەشتی جەنگی ئەمەریکی سەروبەری چینی پێشێلکردووە. ئەو ئاشتی و ئاسایشی تێکداوە. چین بەدڵنیاییەوە دژبە ئەمە دەوەستێت. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین ئاماژەی بەوەدا کە دوای نزیکبوونەوەی USS Preble لە دوورگەی هوانگیان، سوپای چین هۆشداری داوەتە کەشتی جەنگی ئەمەریکی کە ناوچەکە چۆڵ بکات و ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاشتی و پاراستنی ئاسایش و سەروەریی نیشتیمانی.

www.xebat.net
ژمارە (5754) 2019/5/21 سێ شەممە

بە هۆی هەڕەشەی داعش و عەرەبە شۆڤینییەکان 504 دۆنم زەوی سووتێنراوە

هەوڵەکان بۆ وەرگرتنی پارەی جووتیاران و ڕێگریکردن لە سووتاندنی دەغڵودانی کورد چڕ دەکرێنەوە

ئەمساڵ حکوومەتی عێراق تەنیا 30٪ی دەغڵودانی جووتیارانی کوردستان وەردەگرێت و 70٪ی بەفیڕۆ دەچێت

جووتیاران: پێویستییمان بەهێزی ئەمنی و ئاگرگوژێنەوەی زیاترە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببینەوە



بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە کێشەی هاوواڵاتیانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پارەی شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان و چەند بابەتێکی دیکە، ڕۆژی دووشەمە(2019/5/20) د. بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبوونەوە.

خەبات - بڕیار کۆیی

پارەی بەرهەم و بەروبومی کشتوکاڵی جووتیارانی هەرێمی کوردستان کە ماوەی سێ ساڵە لەلایەن بەغداوە ڕاگیراوەو نەدراوەتەوە بە خاوەنی ئەو دەغڵودانەی لەلایەن حکوومەتی ناوندییەوە بەرهەمەکانیان لێ وەرگیراوە، پرسێکی گەرمی نێو میداکانی کوردستانە و جووتیارانیشی نیگەران کردووە.

هاوکات سووتاندنی دەغڵودانی جووتیارانی کورد لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم نیگەرانییەکی دیکەی لەلایەن جووتیارانەوە دروست کردووە و بەپێی دواینێ بڕیاریش حکوومەتی عیراقی بەنیازە بۆ ئەمساڵ تەنها 30%ی بەرهەمی جوتیارانی کوردستان وەربگرێت، لەبەرانبەریشدا 100%ی بەرهەمی جووتیارانی خواروو و ناوەڕاستی عیراق لەلایەن سایلۆکانی حکوومەتی عیراقی و وەزارەتی بازرگانییەوە وەردەگیرێت، کە ئەوەیش دیسان بەزەرەر و زیانی جووتیارانی کوردستان تەواو دەبێت.

تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پاریزگاری هەولێر بۆ دەزگاکانی میدیا دەڵێت: ئەو بڕیارەی حکوومەتی عیراقی بە وەرگرتنی تەنها 30%ی بەرهەی جوتیارانی کوردستان دەبێتە هۆی زیانێکی زۆر بۆ جووتیاران و بەپێی ئەم بڕیارە بێت 70%ی بەرهەمی ئەمسالیان بەفیڕۆ دەچێت، چونکە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە بۆ ساغکردنەوەی ئەو گەنجم و جۆیەی بەرهەم هاتووە.

کۆی ئەم پرسانەی تایبەتن بە پارەی گەنم و جۆی جووتیاران و وەرگرتنی بەرهەمی ئەمسالیان لەلایەن حکوومەتی عیراقی و سووتاندنی دەغڵودانی ئەو جووتیارە کوردانەی زەویوزارەکەیان دەکەوێتە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، پرس و باسی گەرمی نێو جووتیارانە بەتایبەتی و هاوواڵاتیان و بەرپرسانی کورد لە بەغدا و لە هەولێر بەگشتی.

د. بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکیدا بۆ(خەبات) سەبارەت بە ناوەڕۆک و کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند کە کۆبوونەوەکە لەمەڕ هەندێ پرسی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و گەیاندنی چەند داوایەک بووە بە سەرۆکوەزیرانی عێراق، گوتیشی: یەکێک لەو بابەتانە کە لە کۆبوونەوەکەدا باس کرا بڕیتی بوو لە کێشەکانی کەرکووک و دەوروبەری و ناوچەکانی سەرگەڕان و پەلکانە و گوند و دێهاتەکانی سنوورەکە، کە کێشەی زەوی و زار و هاوردەکردنی هاووڵاتی عەرەب و هەوڵدان بۆ دەرکردنی هاووڵاتیانی کورد لەو ناوچانەیان هەیە، داوام لە سەرۆکوەزیرانی عێراق کرد کە بەزووترین کات کە حکوومەتی عێراق بێتە ناو بابەتەکە و ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر بۆ پاراستنی خێزانە کوردەکان بۆ ئەوەی پێشیش لەوە بگیرێ کە ئاژاوەی گەورەی لێبکەوێتەوە".

حەداد ڕاشیگەیاند کە لەو کۆبوونەوەیەدا بە سەرۆکوەزیرانی عێراقیان ڕاگەیاندووە کەپارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووک هەندێک لێپێچینەوەی ئیداریی دەکات، کە پێچەوانەی یاسا و دەستوورن و پێویستە حکوومەت ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ ڕاگرتنی ئەو کارانەی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت و سنووری بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی بارودۆخی پارێزگای کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەوە زیاتر تووندتر نەبێت.

ڕوونیشیکردەوە کە لەو کۆبوونەوەیەدا بە سەرۆکوەزیرانی عێراقیان ڕاگەیاندووە کە چیدی ناکرێت ئەو کێشەیە چارەسەر نەکرێت و دەبێت پارەی شایستە داراییەکانی جووتیاران خەرج بکرێت، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەڵێنی خەرج کردنی پارەکەی بەمنزیکانە داوە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق جەختیشیکردەوە کە لە کۆبوونەوەکەدا بە عادل عەبدولمەهدییان گوتووە کە گەڕانەوەی پێشمەرگە و هەماهەنگی هەرێم و بەغدا، تاکە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان.

د. بەشیر حەداد ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەشێکی دیکە کۆبوونەوەکە سەبارەت بە دۆخ و گوزەرانی ئەو ئاوارانە بووە کە لە دوای ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر مالەکانیان جێهێشتووە، لەمیانەدا داوا کراوە کە 150 هەزار خێزانی کورد کە لە ئێستادا مالەکانیان جێهێشتووە بۆ ناوچەکانیان بگەڕێندرێنەوە.

هەر سەبارەت بەپرسی زەویوزار و نوێنەرانی بەشێک لە جووتیارانی مەخموور بەیاوەری ژمارەیەک لە پاریزەرانی خۆبەخش سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن و مەترسیی سووتاندنی بەروبومی جووتیارانی سنوورەکە دەخەنەڕوو، نوێنەری پاریزەران، گۆران دیبەگەیی ڕایگەیاند، تەنها لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، 504 دۆنم زەوی دەغڵودان لە لایەن داعش و عەرەبە شۆڤینییەکانەوە سووتێندراوە.

بۆ ئەم مەبەستەو لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی جووتیاران و مەترسییە ئەمنییەکان داوای ڕەوانەکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ سنووری مەخموور دەکرێت و دوێنێش دووشەمە ژمارەیەک لە نوێنەرانی جووتیاران و پاریزەران بە مەبەستی خستنەڕووی داواکارییەکانییان سەردانی پەرلەمانی کوردستانییان کرد و لەگەڵ لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کۆبوونەوە و یاداشتێکییان لەبارەی مەترسییەکانی داعش و سووتاندنی بەروبومە کشتوکاڵییەکانی جووتیارانی ناوچەکە دایە لێژنەکە بۆ ئەوەی بۆ پەرلەمانی کوردستانی بەرزبکەنەوە.

لەوبارەیەوە پاریزەر گۆران دیبەگەیی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا بە دەزگاکانی میدیای ڕاگەیاند: لەگەڵ لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم یاداشتێکمان پێشکەشکردن سەبارەت بە مەترسییەکان لە سنووری قەزای مەخموور و دەوروبەری کە بەداخەوە ماوەیەکە ڕووبەڕووی هەڕەشەی چەکدارانی داعش و عەرەبە شۆڤینییەکانیشی لەسەرە، لەو یاداشتە ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە کە پێویستە ڕێگری بکەن لە ڕوودانی کارەساتی گەورە".

هەروەها گوتیشی: "تەنها لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بە هۆی هەڕەشەکانی داعش و عەرەبە شۆڤینییەکان لە سنووری عەلی ڕەش لە ناحیەی قەراج، گوندی گۆزەبانکەی سەر بە دیبەگە و گوندی سێببیران لە ناحیەی سەرگەڕان 504 دۆنم زەوی کشتوکاڵی ئاگری تێبەربووە و جووتیاران زەرەرمەندبوون، بۆیە بە لێژنەکەمان ڕاگەیاندووە کە پێویستییمان بەهێزی ئەمنی و ئاگرگوژێنەوەی زیاترە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببینەوە.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، جوان ڕۆژبەیانی لەوبارەیەوە دوای وەرگرتنی یاداشتەکە و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو شانە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گوت: ئەو دەغڵودانەی ئێستا لە مەخموور دێتە سووتاندن دەبێت بەزووترین کات ڕابگیرێت کە لە لایەن داعش و عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە دەکرێن، ئێمە دیراسەی یاداشتەکە دەکەین، پارەی سێ ساڵی دەغڵودانی جووتیارانی مەخموور لە لای حکوومەتی عێراقە و پارەکەیان پێ نەدراوە، ئێستاش ئەوە بەو شێوەیە دەغڵودان دەسووتێنرێت و ئەو جووتیارانە زەرەر دەکەن و ئەمەش نابێت بەردەوام بێت".

سەرۆک وەزیرانی عێراق بەڵێنی خەرجکردنی پارەی شایستە داراییەکانی جووتیارانی داوە



د. بەشیر حەداد:

داوامان لە عادل عەبدولمەهدی کردووە کە سنووردێک بۆ پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووک دابنرێت



جوان ڕۆژبەیانی:

پارەی سێ ساڵی جووتیارانی کوردستان لەلای حکوومەتی عێراقە

پەرلەمانتارێکی کوردستان: نابێ سووتاندنی دەغڵودان و زەویی جووتیاران بەردەوام بێت



ئەحمەد کانی سەردانی خانەوادەی شەهید دلێر ئەحمەد دەکات



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی خانەوادەی شەهید دلێر ئەحمەدی کرد و لەگەڵ دایکی شەهید و براکانی و منداڵەکانی باسی ئەو سەروەرییەی کرد، کە هەر شەهیدێک دوای خۆی بۆ خانەوادەکەی بەجێی دەهێڵێ، پێی وابوو ئەو سەروەرییە بەر هەموو کەسێک ناکەوێ، گوتی: ئێوە هێندە سەر بڵندن، هەموو میللەت شانازیتان پێوە دەکات، هەر خزمەتێکیشتان بکرێت، ناکا بە دڵێپە خوێنێکی شەهید. هاوکات بەرپرسی لقی دوو لە ڕەوشی خوێندنی منداڵانی شەهیدی پرسییەوە و هەموو ئامادەییەکی نیشاندا بۆ ئەوەی منداڵی شەهید لە خوێندن دانەبڕێ و بە ئایندەیەکی گەش بگات، لەگەڵ ئەوەشدا بە زانست و مەعریفە جێگای شەهیدان بگرنەوە و بەو مەعریفەت و زانستەش دوژمن ببەزێنن.

لە بەرامبەردا خانەوادەی شەهید وێڕای سوپاسگوزاریان بۆ بەسەرکردنەوەکەی بەرپرسی لقی دوو، دووپاتیان کردەوە ڕێبازی شەهیدان بەرنادەن و ئەوانیش بەدوای شەهیدانی خۆیان، بەخۆیننی خۆیان بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکەن.

ڕێکا سەرفرازیا گەلێ مە ل بەردەرگەهێ مالا سەرۆک بارزانی دا دەرباز دبیت



ل دڕێژاهیا بەرنامێ لقا ئێک پارتی دیموکراتی کوردستان ژ بو خزمەت کرنا ئیماندارا و ڕوژبگرێن پارێزگەها دهوکێ و سێمێلێ سەربەست تڕوانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل مزگەفتا قازی محەمەد تاخێ ڕەزا و مزگەفتا کوردستان تاخێ سەرهلدان دیسان مزگەفتا نزارکێ تاخێ نزارکێ دگەل ڕوژبگرێن وێ ل بەربانگێ فتارێ بەرهەڤ بۆ شریناهی و پێتڤی یێن بەربانگی بەرهەڤ کر بوون، بەرپرسێ لقێ گوت: مالا شەهید و پێشمەرگەها و ئازادی خوازان هەرگاڤ تەوافگەها سەروک بارزانی بویە، ئەو مالبات بویە یا کو نشتیمان پەروەر بو ئاخێ دروست کرین هەر ل حجر و خەلوەتگەها نەقشەبەندیا بگرە تا گەهشتیە ریفراندوما سەرفرازیێ بۆ گەلێ کوردستانێ کو هەتا هەتا تاکێ کوردستانی دێ شانازیێ ب وێ بوێری و جەسارەتا سەرۆک مەسعود بارزانی کەن و هەر سەرفرازیەکا دی بێتە دی، دێ ئەو ژی ل بەر دەرگەهێ مالا سەرۆک بارزانی دا دەربازبیت، بەرپرسێ لقێ ئامازە دا وێ چەندێ ژی کو ئەڤ ئارامی و تەناهیا هەرێما کوردستانێ ئەوا ئەم تێدا دژین ژ سایا سەرکردایەتیا حەکیمانەیا جەنابێ سەروک بارزانی و ماندیبوونا پێشمەرگەهێن قەهرەمان و سازیێن ئێمناهیێ و خوینا عەزیزا شەهیدێن سەر بلندێن کوردستانێ بوویە، بلا هەر گاڤ مە ڕوحا بەرپرسیارەتییێ هەبیت بەرامبەر خاک و نیشتمانێ خوە ب هەبوونا وان ئەم دشێن بوونێن خوە بێن ئولی و نەتەوایەتی و نیشتمانی هەمبێز بکەین هیڤی خواست کو ئەڤ هەیڤە هەیڤا خێر و بەرەکەتێ بیت بۆ کوردستانێ و خودایێ مەزن ژی دڵ هینیەکێ ب دلێن کور و کچێن مالباتێن سەر بلند شەهیدێن مە ببارنیت.

سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان سێ توێژینەوە بڵاوەکاتەوە

دوێنێ دووشەمە لە هۆڵی پەناگیریی پەرلەمانی کوردستان، سەنتەری توێژینەوە، سێ توێژینەوەی بڵاوکردەوە کە یارمەتیەدەرن بۆ پەرلەمانتاران تا باشتر بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵبستن. لە ڕێوڕەسمی بڵاوکردنەوەکەشدا توێژەران قسەی خۆیان هەبوو بۆ ئامادەبووان کە بەشی زۆریان پەرلەمانتاران بوون.

بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، فۆئاد ئەحمەد لەوبارەیەوە ڕایگەیاند: ئەرکی سەنتەری توێژینەوە ئەوەیە توێژینەوە بکات، بەڵام کاری سەرەکیی سەنتەری توێژینەوە ئەوەیە کە زانیاریی بداتە ئەندامی پەرلەمان، بەتایبەت لەسەرەتای هەر خولێکی پەرلەمانی کە زۆرینەی پەرلەمانتاران نوێین، ئەو فەرمانگە و بەشانەی لەنێو پەرلەماندان و بۆ ئەوە دروستبوون خزمەتی پەرلەمانتار بکەن، پێویستە هاوکاریی بکەن بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی بەڕێوەببات بەتایبەت هەرسێ ئەرکە سەرەکییەکەی کە یاساداناں و چاودێریکردن و نوێنەرایەتیکردنە، ئێمە لەوبارەیەوە لەگەڵ ڕاوێژکارە بەڕێزەکان کارمانکردووە بۆ ئەوەی چەند توێژینەوەیەک بخەینە بەردەستی پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی هاوکاریی و یارمەتیدەریان بێت لەکاری ڕۆژانەیان، ئەو کارەمان بەهاوکاری ڕاوێژکاران بەتایبەت ئەوانەی یاسایین و دکتۆرا و بڕوانامەی بەرزیان هەیە و لێکۆڵەرن لەوبارەیەوە. ناوبراو گوتیشی: ئەمڕۆ سێ توێژینەوەمان خستە بەردەستی پەرلەمانتارانی بەڕێز بۆ ئەوەی یارمەتیدەریان بێت لە کارەکانییان ئەوانیش ڕێبەری پەرلەمانتار بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆسەی چاودێریی، شێوازی کارکردنی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە چوارچێوەی یاسا بەکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش، لەگەڵ میژووی یاساداناں لە پەرلەمانی کوردستان کە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە و بەردەوام دەبین لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی پەرلەمانتاران و کردنەوەی خول بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی باشتر بکەن.

بە گوژمەی 280 ملیۆن دینار چەند پڕۆژەیەکی کارەبا لە شێخان دروست دەکرێن

خەبات ـ ئالان شەهاب:

عوبەیدوڵا سلێمان بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای شێخان بە خەباتی ڕاگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوێکی بیانی بە کۆمپەنیەکی ئێسیان دوو پڕۆژە گرنگی کارەبا دروست دەکرێن. بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای گوتیشی: ئێستا ئێمە پڕۆژەی دانانی بگۆڕی کارەبایی 11 کەی ڤی بۆ کەمپی ئێسیان دروست دەکەین بە گوژمەی 200 ملیون دینار کە لە لایەن ڕێکخراوێکی بیانی دروست دەکرێت، لەبەر ئەوەی کەمپی ئێسیان کێشەی کەم کارەبای هەیە و لە ئێستادا دەبنە دوو فیدەر و کێشەی کارەبا لە کەمپی ئێسیان نامێنێت. هەروەها گوتی: چەندین پڕۆژەی تر لە سەر ئەرکی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەنتەری ناحیەی قەسرۆک و کۆمەڵگەی چرە بۆ ڕاکێشانی ستونی کارەبا بە گوژمەی 80 ملیون دینار بۆ ئەو گەڕەکانە دوورست دەکرێت کە نوێ تازە دوورست کراون.

سلێمانی... 6 کەس بە تاوانی جۆراوجۆر دەستگیر دەکرێن

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کار و چالاکییەکانی هێزەکانی پۆلیسی سلێمانی لە میانی چەند ڕۆژی ڕابردووی مانگی ڕەمەزان خستەڕوو و گوتی: لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردووداو هێزەکانمان دوو تۆمەتباریان دەستگیرکردووە بەتۆمەتی دزیکردن لە مااڵن و بردنی ئامێر و کەلوپەلەکانیان و فرۆشتنەوەیان لە بازاڕدا. سەرکەوت ئەحمەد گوتی: دوێنێش دوو تۆمەتبار کە لە لایەن ئاسایشی سلێمانی داواکرابوون لەسەر ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیرکران. گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی باسی لەوەش کرد، بە هۆی پابەندنەبوونی ژمارەیەک لە گازینۆکانی ناو شاری سلێمانی بە ڕێنماییەکانەوە لە مانگی ڕەمەزاندا و ئەنجامدانی قومار تێیاندا، چەند گازینۆیەکیان داخستووە و دەستیشیان بەسەر سێ چەکی بێمۆڵەت لەو گازینۆیانەدا گرتووە. گوتیشی: 48 تۆمەتباری تر بە هۆی زێدەڕۆیکردن لەسەر مۆلکی شارەوانی و تۆمەتباریکی تریش بە هۆی فرۆشتنی شۆستە و شەقامی ناو بازاڕ بە زێدەڕۆیکردن دەستگیرکراون.

لە نێوان نرخی نەمام و گوڵ لە نەمامگە حکوومی و ئەهلییەکاندا

هاووڵاتییان: نرخی نەمام و گوڵ لە نەمامگە ئەهلییەکان زۆر گرانترە



ڕاپۆرت ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

دارو درەخت و گوڵ بەڵای هەندێ کەس حەزو ئارەزووە و بەڵای هەندێ کەسی دیکەیش جوانییە و هەندێ کەسی دیکەیش زەوق و سەلیقەیە و لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کورستان، نەمامگەی ئەهلی و حکومی هەیە و هەر یەکێک لەو نەمامگانە کڕیاری دارودرەخت و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ هەیە. نرخی نەمام لە نەمامگە حکومییەکان زۆر هەرزانە و نرخەکەی زۆر گونجاوە، بەڵام لە نەمامگە ئەهلییەکان نرخەکان زور گرانترە، بەتایبەتی ئەو نەمامانەی کە لە دەرەوەی وڵات دێن، نرخەکانیان زۆر گرانە و بۆتە مایەی گلەیی و گازندەی هاووڵاتییان. لەو ڕاپۆرتەدا سەردانی ژمارەیەک نەمامگەمان کرد:

هاووڵاتییان خواستیان زۆر لەسەر دارو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ هەیە

لەگەڵ ئەوەی لە وەرزی زستان تەواو بووین و بەرەو وەرزی گەرما دەڕۆین، هێشتا عاشقانی دارودرەخت و گوڵی جوان، هەرماون و ڕۆژانە لە نەمامگەکان خەڵکێکی زۆر دەبینرێن کە بۆ کڕینی نەمام سەردانی نەمامگەکان دەکەن. مامۆستا جوان لە نەمامگەیەک خەریکی کڕینی دارودرەخت و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بوو، لێم پرسی: نرخەکان چۆنە؟ لە وەڵامدا گوتی: نرخی دارودرەختی خۆمانە هەرزانە، بەڵام هی وڵاتان زۆر گرانە و هەق وایە لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵی ئەوە بدەن نرخەکان گران نەکرێت.

سیروان غەفور گوتی: هەموو ساڵێک لە وەرزی بەهار سەردانی نەمامگەکان دەکەم بەمەبەستی کڕینی ژمارەیەک دارودرەخت بۆ گۆڕەپانی بەرامبەر ماڵەکەم بەڵام دارودرەختی وڵاتان زۆر گرانە. قارەمان کەریم گوتی: نرخی داری خۆمالی دەگاتە 10 هەزار تا 15 هەزار دینار، بەڵام نرخی دارودرەختی وڵاتان زۆر گرانە و خەڵکی گلەییان لێیە هەیە، هەق وایە سنووردێک بۆ ئەو نرخەگرانە دابنرێ.

حاجی محەمەد، خاوەنی نەمامگەی نەمام، بۆ خەبات گوتی: زیاتر لە 15 ساڵە کاری نەمام فرۆشتن دەکەم و نەمام لە وڵاتانی تورکیا و ئێران دەهێنم و چاوم لە قازانجێکی زۆر نییە بەداخەوە بۆ هەندی خاوەنی نەمامگەکان نرخی دارودرەخت لەسەر هاووڵاتییان گران دەکەن، داواکارم لێیان کە نرخەکان گران نەکەن، لە نەمامگەکەمان ئەهلی کڕی دانەی بە 15 هەزار دینار، بەڵام لە نەمامگەی حکومی دانەی بە هەزار دینارە ئەو نرخەش زۆر هەرزانە داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەم کە زیاتر پشتگیری لە نەمامگە حکومییەکان بکات.

خاوەنی نەمامگەکان قسەی خۆیان هەیە

حاجی محەمەد، خاوەنی نەمامگەی نەمام، بۆ خەبات گوتی: زیاتر لە 15 ساڵە کاری نەمام فرۆشتن دەکەم و نەمام لە وڵاتانی تورکیا و ئێران دەهێنم و چاوم لە قازانجێکی زۆر نییە بەداخەوە بۆ هەندی خاوەنی نەمامگەکان نرخی دارودرەخت لەسەر هاووڵاتییان گران دەکەن، داواکارم لێیان کە نرخەکان گران نەکەن، لە نەمامگەکەمان 30ی جۆر نەمام دەفرۆشین و نرخەکان لە نێوان 5 هەزار تا 12 هەزار دینارە، بەڵام هەندێکی نەمامی دەرەوەیە، بۆیە نرخەکەی گرانە، چونکە بە دۆلار دێت لەگەڵ ئەوەش نرخەکان گران ناکەم.

مام کەریمی خاوەن نەمامگە گوتی: زیاتر لە 20 ساڵە خەریکی فرۆشتنی دارودرەختی جۆراو جۆرم، هەرگیز هەوڵی گرانکردنی نەمام نەداوە هەرچەندەی نرخەکان هەرزانتر بێت داری زیاتر دەفرۆشیت، ساڵانە کڕیارێکی زۆری دارودرەختم هەیە و چاوم لە قازانجێکی زۆر نییە و دارودرەخت لە دەرەوە هاوردە دەکەم و پارسان نزیکەی 2 هەزار نەمامم فرۆشتووە و کڕیارانی دار لەمانگی ئادار و نیسان زیاترە لە چاو مانگەکانی دیکە، چونکە وەرزی دار چاندنە.

حاجی خالید خاوەنی مەشتەل گوتی: ئێستا ئەو کەسانەی کە دەوڵەمەندن نەمامی گرانبەها دەکڕن و نرخەکەی دەگاتە 50 هەزار تا 100 هەزار دینار و هەموو کەسێک ئەو جۆرە دارانە ناکڕێت، بەڵام داری خۆمالی نرخەکەی ناگاتە 20 هەزار دینار و نرخی داریش لە نەمامگەی حکومی زۆر هەرزانترە لەچاو نرخی نەمام لە نەمامگەکان و خەڵکی زیاتر حەز بەو دارانە دەکەن کە هەمیشە سەوزە.

نەمامگە حکومییەکان بەرهەمیان زۆر کەمی کردووە دەربارەی نەمامگەی حکومی حوسێن حەمە کەریم بەڕێوەبەری گشتی دارستان و پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕوونیکردەوە: بەر لە قەیرانی دارایی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، گرنگی زۆری بە هەموو بوارێکی کشتوکاڵی دەدا، بەتایبەتی نەمامگە حکومییەکان ئەویش لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی دارستانەکان، بەڵام هەر کە قەیرانی دارایی هات نەمانتوانی پڕۆژە ئەنجام بدەین و پاڵپشتی نەمامگەکان بکەین جگە لەوەش کرێکاری گرێبەست هەبوو بۆ نەمامگەکان ئەو کرێکارانە ژمارەیان کەمی کرد و پێش سێ ساڵ بەرهەمی نەمام و دارو درەخت لە نەمامگەکان زیاتر لە سێ ملیۆن نەمام بوو، بەڵام ڕێژەکە زۆر کەمی کردووە پەنا بەخوا لە سایەی حکومەتی داهاتوو کێشەکان چارەسەر دەبن.

دواتر کەمال ئەحمەد بەڕێوەبەری نەمامگەی ناوەندی هەولێر ڕونیکردەوە: پێشتر نەمامگەی حکومی زیاتر لە 3 ملیۆن نەمامی بەرهەم دەهێنا، ئێستا ئەو ڕێژەیە بۆ 75% کەمی کردووە لەبەر قەیرانی دارایی و ژمارەی کرێکارەکان زۆر کەمی کردوە و سالانەش گرێبەستی کرێکاران لەبەر قەیرانی دارایی لەلایەن وەزارەتی دارایی زۆر درەنگ دەهاتەوە و لەبەر بێ کرێکاری بەرهەمی نەمامەکانمان زۆر کەمی کردووە، ئەگەر کار وابڕوات ئەوا نەمامگەکان دەفەوتێن لەبەر بێ کرێکاری و کرێکاری خاوێنکردنەوەمان نییە، داواکارین لە وەزارەتی دارایی کە کرێکارمان بۆ دابین بکەن تا بەرهەمی داروردرەخت زیاتر بکەین لەگەڵ ئەوە بوونی ئەو کێشانەش تا ئێستا کار دەکەین و بەردەوامین و خزمەتی نەمامگەکە دەکەین بەو بێ کرێکارییە.

www.xebat.net
ژمارە (5752) 2019/5/21 ساڵی شەشەم
خەبات

دەولەتا ئیمارات هاریکاریێن مروڤایەتی دێ ل سەر پترێ 6720 خێزانێن ئاوارە و پەنابەر بەلافکەت



خەبات ـ دهۆک:

دوهی سپێدێ 2019/5/20 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا ئەحمەد ئەلزاهری کونسلێ دەولەتا ئیمارات ل هەرێما کوردستانێ وشاندێ دگەلدا کر.

دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماددبونا ئیسماعیل مەحمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی بەحسێ پەیوەندییێن دوو قولی دناڤبەرا دەولەتا ئیمارات و هەرێما کوردستانێ و رەوشا ئاوارە و پەنابەران ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ و ئەو هاریکارییێن پارێزگەها دهۆکێ و ڕێکخراوێن دەولەتی پێشکێش دکەن تایبەتی هاریکارییێن دەولەتا ئیمارات هاتە کرن.

کونسلێ ئیمارات تەکەزکر کو هەرێما کوردستانێ جهەکێ گرنگە بو دەولەتا ئیمارات و کومپانییێن وەلاتێ وان ژ بو بجهئینانا پروژێن وەبەرهێنانێ و گەشتوگوزارێ و دەولەتا ئیمارات روژبو روژێ دێ پەیوەندییێن خو دگەل هەرێمێ پێشئێخیت و دهەموو بیاڤەکیدا و بەردەوام دێ هاریکارییێن مروڤایەتی پێشکێشی ئاوارە و پەنابەران ل هەرێمێ ب گشتی و ل پارێزگەها دهۆکێ ب تایبەتی کەت.

ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهۆکێ پیروزباهی ل کونسلێ دەولەتا ئیمارات کر هەمبەر دەست ب کاربونا وی و داخازا سەرکەفتنێ بو کر و سوپاسیا دەولەتا ئیمارات و بالیوزخانە و کونسلخانا وی وەلاتی کر ل دور ئەو هاریکارییێن مروڤایەتی ییێن بو هەرێمێ پێشکێشدکەن، و خواست کو تێکهەلی دناڤبەرا هەردوو ئالیان دا روژ بو روژێ خوتر لێ بهێن بو خزمەتکرنا خەلکێ هەردوو وەلاتان.

هەژی گوتنێیە دوهی 2019/5/19 و ب ئامادەبونا کونسلێ دەولەتا ئیمارات وب هەڤکاری دگەل بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی هاریکارییێن مروڤایەتی ل سەر 860 خێزانا ل قەزا شێخان و 78 خێزانا ل کەمپا گەرماوا و 260 خێزانا ل کەمپا ئاکرێ هاتینە بەلافکرن و رۆژا 2019/5/20 کومەکا دی یا هاریکارییێن مروڤایەتی ییێن وی وەلاتی ل ساڵ 1894 خێزانا ل ناڤ کەمپا دومیز دوو و 1592 خێزانێن دن ل کەمپا گەویلان بهێنە بەلافکرن.

هەروسا بریارە ل روژێن بهێت هاریکارییێن دەولەتا ئیمارات کو ئەوژی 5525 سەلکێن ئاهێن خارنێ نە ل سەر رونشتڤانێن کەمپا دومیز ئێک بهێنە بەلافکرن.

بەرپرسی لقی 16 لە قەزای خەبات سەردانی ژمارەیەک لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی دەکات



لەدرێژەی سەردان و بەسەرکردنەوەی چین و تونژە جیاجیاکانی سنوورەکەدا و بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە لە ژیان و گوزەران و کێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی بەیاوەری چیا محەمەد هەرکی و حوسێن حسک و کوردۆ ئەحمەد کارگێڕانی لق و شەفیع زراری بەرپرسی لێژنە ناوچەی خەبات سەردانی هەریەکە لە مام بەهرام باوکی شەهید زیاد و مام مەحمود باوکی شەهید عەبدوڵا و خانەوادەی شەهید قەهار سەعدۆ هەرکی و خانەوادەی شەهید عەباس کاکەیی کرد لەقەزای خەبات. لەمیانی سەردانەکانیدا بڵند ئیسماعیل وێڕای هەواڵپرسین لەباری ژیان و گوزەران و کێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکانیان، ئاماژەی ئاماژەی بە گیانفیدایی ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی میللەتەکەماندا کە بە خوێنی ئاڵی خۆیان بەرگرییان لە نیشتیمان و نەتەوەکەمان کرد و ڕێگەیان نەدا تیرۆرستان و دوژمنانی نیشتمان و نەتەوەکەمان پێ بنێنە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان و ئەمڕۆ لەسایەی خوێنی گەشی ئەوانداً میللەتەکەمان لەژێر سێبەری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەئازادی دەژین، بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین ئەوەی لەتوانامانداییت خزمەت بەخانەوادە بەرێزەکانیان بکەین.

هەر لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر بەوردی گوێی لە سەرنج و داواکاری و پێشنیازەکانی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان گرت لە پێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانییان و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکانیان و بەڵێنی پێدان ئەوەی لە توانادا بێت لە ڕێگەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خانەوادە شەهیدانی گەلەکەمان ئەنجامی دەدەن.

کارگێریا پارێزگەها دهۆکێ فتارەک بو کارمەندێن پولیسێن هاتنوچونێ و پولیسێن پارێزگەهێ بەرهەفکر

خەبات ـ دهۆک:

ب هەلکەفتا مەها ڕەمەزانا پیروز کارگێریا پارێزگەها دهۆکێ ل دوڤ بەرنامەکێ دەست نیشانکری بو دانا فتارا بو تەخێن جودا جودا ل ئێڤاریا 2019/5/19 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ فتارە خارنەک دگەل پولیسێن هاتنوچونێ خوار هەروسا ل روژا 2019/5/20 فتارە خارنەکا دی دگەل پولیسێن گشتی خوار. ئامادەکرنا فتارا وەکو ڕێزگرتنەک بو کارێ پولیسا ییێ ڕێک و پێک وبڤێ هەلکەفتێ پارێزگەرێ دەست خوشی ل هەمی پولیسێن هاتن وچونێ و کارمەندێن ریڤەبەریا گشتی یا پولیسێن پارێزگەها دهۆکێ کر بو ماندی بونا وان و پەیداکرنا ئارامی و تەناهییێ و پاراستنا مال و ملک و گیانێ هاولاتیان ل سەرانسەری پارێزگەهێ و داخازا سەرکەفتێ بو کر. بریار ئەو ل روژێن بهێت ژی کارگێریا پارێزگەهێ چەند فتارێن دن بو تەخێن جودا جودا بەرهەکەت.



سلێمانی... کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەکردنی مریشکی بەستوو ئەنجامدرا



سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، سیروان محەمەد رایگەیاند، بڕیارەکەی حکوومەتی ناوەندی عێراق بە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی مریشکی بەستوو لە بەرژەوەندی عێراق و هەرێمی کوردستان دایە و خاوەن کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر لەو زیانانە دەرباز دەکات کە پێشتر بەو هۆیەوە لێیان کەوتووە. سیروان محەمەد گوتی: لە سنووری سلێمانی 800 پڕۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر هەیە کە هەزار و 250 هۆڵ مریشک و جوجک لەخۆ دەگرن، هیوادارین حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەند بێت بە بڕیارەکەی حکوومەتی ناوەندەوە.

سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی ئاماژەی بەوەش کرد، حکوومەتی عێراقی بڕیاری ئەوەشی داوە کە هاوردەکردنی هێلکە بە هەموو شێوەیەک قەدەغەبە و پێویستە هێلکەی ناوخۆ بەکاربهێنرێت.

لە لای خۆیەوە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی کێڵگە پەلەوەرییەکانی سلێمانی، نازم عەبدوڵلا گوتی: ماوەی ساڵێکە لەگەڵ ژووری بازرگانی سلێمانی لە هەوڵدان بۆ کارکردن بۆ قەدەغەکردنی هاوردەکردنی مریشکی بەستوو کە دواجار بەخۆشحاڵییەوە لە لایەن حکوومەتی بەغداوە بڕیارەکە درا، هیوادارین لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و پابەند بن بە بڕیارەکەوە. ئەو گوتی: ئێمە زیاد لە پێویستی خۆمان مریشک بەرهەم دەهێنین و پێویستمان بە هاوردەکردنی مریشکی بەستوو نییە، بەجۆرێک سالانە بۆ پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە پێویستمان بە 67 هەزار تۆن مریشک هەیە، بەڵام ئێمە 167 هەزار تۆن بەرهەمان هەیە و چەندین پڕۆژەی تریشمان لە جێبەجێکردنداییە. بەرپرسەکەی کێڵگە پەلەوەرییەکان ئاماژەی بەوە کرد، بڕیارەکە حکوومەتی عێراق بە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی مریشکی بەستوو کاریگەری نابێت لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی مریشک لە بازاڕدا و دەتوانن بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان نرخ کۆنترۆڵ بکەن.

لە "شاری گوڵەکان" دەست بە چنینەوەی گوڵ کرا



دەگێردرێتەوە کە موفتیزادە گوڵجو ئیسماعیل ئەفەندی لە ساڵی 1888دا لە شاری کزکانلکی بولگاریاوە بە گۆچانەکەیەوە تۆوی ئەو جۆرە گوڵەی هێناوە و لە ئیسپارتا چاندوویەتی. ئەو گوڵە ئەمڕۆ لەسەر هەزاران دۆنم زەوی ناوچەکە دەچنرێت و بژێوی ژیانی سەدان کەس دابین دەکات. بەرهەمهێنەرانی ئیسپارتا بە هۆی کەشوهەواوە ئەمسال، 15 ڕۆژ درەنگتر دەستیان بە کۆکردنەوەی بەرهەمەکەیان کرد. لەگەڵ پێگەیشتی گوڵەکان دەستکراوە بە چنینەوەیان و بەرهەمهێنەران بەیانی زوو دەچنە سەر کێڵگەکانیان و گوڵەکان دەچنەوە و ڕەوانەی کارگەیان دەکەن. هاوکات سەردانکەرێکی زۆر ڕوو لە باخچەی گوڵەکان دەکەن و بەشداری لە چنینەوەی گوڵەکان دەکەن و وێنە دەگرن. بەرهەمهێنەرێکی گوڵ بەناوی یەعقوب یۆڵجو ئاماژەی بەوە کرد کە گوڵ هێمایەکی گرنگیی شاری ئیسپارتایە. یەعقوب یۆڵجو باسی لەوە کرد کە بە هۆی کەشوهەواوە ئەمسال بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 15 ڕۆژ درەنگتر دەستکراوە بە کۆکردنەوەی بەرهەمەکان.

لەبارەی دەستپێکردنەوەی دابەشکردنی دەرمالّەی قوتابیانی زانکۆ زانیارییەک ئاشکرا دەکرێ

ئەندامێکی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی بالای پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات کە هەموو هەولێکیان خستووەتە گەڕ تا بە زووترین کات دەرمالّەی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان بگەڕێتەوە.

د. زێدان برادۆستی ئەندامی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی بالای پەرلەمانی کوردستان، بۆ دانی میکانیزمێک بۆ گەڕاندنەوەی دەرمالّەی قوتابیان بەزووترین کات. ڕاشیگەیاند: بە پێی ئاماری وەزارەتی خوێندنی بالا 132 هەزار قوتابی لە زانکۆ حکومییەکان دەخوێنن، بۆ دابینکردنی بڕی ئەو دەرمالّەیەی لە ساڵانی ڕابردوو پێیان دراوە 50 ملیار دینار پێویستە بۆ هەر ساڵێک.

پەیمانگاکان کۆبوونەوەمان لەگەڵ هەردوو وەزارەتی خوێندنی بالا و دارایی ئەنجامداوە، بۆ دانانی میکانیزمێک بۆ گەڕاندنەوەی دەرمالّەی قوتابیان بەزووترین کات. ڕاشیگەیاند: بە پێی ئاماری وەزارەتی خوێندنی بالا 132 هەزار قوتابی لە زانکۆ حکومییەکان دەخوێنن، بۆ دابینکردنی بڕی ئەو دەرمالّەیەی لە ساڵانی ڕابردوو پێیان دراوە 50 ملیار دینار پێویستە بۆ هەر ساڵێک.

زێدان برادۆستی ئاماژەی بە ئەوەش کرد وەزارەتی دارایی بەڵێنی داوە بە گەڕاندنەوەی دەرمالّەی قوتابییان بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایییەوە گوشارێکی زۆر لەسەر وەزارەتی دارایی دروست بووە.

گوتیشی: پێشبینی دەکەم لەسەرەتای کابینەی تازە و دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن دەرمالّەی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان بگەڕێتەوە.

خەڵات بارزانی: بارزانی مۆڵکی هەموو کوردێک بووە و بەبێ جیاوازی خەباتی بۆ کورد کردووە، بۆیە ئەمڕۆ خەڵک لە گشت ناوچەکانی کوردستانەوە بەڕێێوان و سۆز و وەفادارییەوە سەردانی مەزاری نەمران دەکەن





خەڵات بارزانی

دیمانە: مسلم دزلەمەری/ بارزان

هەموساڵێک دوویادی گرنگ لەمێژووی گەلی کورددا هەن ئەویش 1ی ئازار و 14ی ئازارە، کە یەکەمیان یادێکی ماتەم و پڕ لە خەمی گەلی کورده، چونکە لەم ڕۆژەدا سەرکردە و ناسنامەی کوردایەتی بارزانیی نەمر ماڵئاوایی لەگەل و نیشتمانی کردووە. دووەمیشیان کە یادێکی پرشنگداری مێژووی گەلەکەمانە، ئەویش هەڵاتنی خۆری گەشتی ئاسمانی گەلی کورده، ڕۆژی لەدایکبوونی سەرکردە و باوکی روحی نەتەوەی کورد بارزانی نەمرە، بۆ زیاتر شرۆڤە لەسەر ئەم یادانە و سەردانی کوردستانیان و بیانیان بۆسەرمەزاری نەمران، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات بەڕێز خەڵات بارزانی نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی لەسەر مەزاری نەمران بەم شێوەیە بۆ خەبات هاتە ئاخافتن.

سەرەتا خەڵات بارزانی گوتی: هەموومان دەزانین کە 1-3 ڕۆژی وەفاتی ڕابەری گەلی کورد مستەفا بارزانییە، کە ئەمساڵ چلەمین ساڵیادی وەفاتی بوو ،دەبینین لەم ڕۆژەدا بەهەزاران کوردستانی لەتەواوی کوردستان و بگرە لە دەرەوەی کوردستانیش بە دڵێکی پڕ لە سۆزو وەفاییەوە سەردانی مەزاری نەمران دەکەن لە بارزان. ئەویش لەبەر ئەم ڕێبازە پیرۆزەی بارزانیی نەمرە، کە بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و ناوچەگەری و عەشیرەتگەری، خەباتی بۆ ئازادی و سەربەخۆی کورد و کوردستان دەکرد. بۆیە ئەمڕۆ کە جوانی و نوێبوونەوە بە ژینگەی کوردستان دەگەیێنن. لەبارەی سەردانی لایەنە سیاسییەکان و ناوچە و دەڤەرەکانی کوردستان بۆ سەرمەزاری نەمران، **خەڵات بارزانی گوتی:** دەتوانم بڵێم ساڵ بەساڵ سەردانی دڵسۆزانی ڕێبازی بارزانیی نەمر زیاتر چەترێک بووە بەسەر نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستان. هەروەها دڵسۆزانی ڕێبازی بارزانی خاوەنی عەقیدەی بارزانی -ن، نەک پارتایەتی و لایەنگری پارتایەتی، کە هەتا ئەم ڕێبازە خاوەنی ئەم دڵسۆزە و خاوەن عەقیدانە بن، هیچ هێز و دوژمنێکی گەلەکەمان ناتوانن ئیرادەی گەلەکەمان بشکێنێت.

سەبارەت بە سەردانی کونسۆڵخانەکانی بیانی لە کوردستان و عێراق و لایەنە سیاسییەکانی دیکە عێراق بۆ سەر مەزاری نەمران، خەڵات بارزانی ئاشکرایکرد: ئەم ساڵ زیاتر لە 18 کونسوڵخانەی وڵاتانی بیانی لە کوردستان و عێراق سەردانی مەزاری نەمرانیان کردوە. هەروەها بەدەیان بەرپرس ولایەنی سیاسیی عێراقیش و بگرە ژمارەیەکی بەرچاویش لە دیپلۆماتکارو سیاسیی و کەسایەتی وڵاتانی دیکەی بیانیش سەردانی مەزاری نەمریان کردووە و هەروەها سەرسام بوونە بە دەڤەری بارزان لەرووی کەلتووری دەڤەرەکەو ژینگەپارێزی و دەیان یاسای دیکە ژیانی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی سادەیی گوزەری بارزانیی نەمر، کە لایان جێگای سەرنج بووە. بەڵام لای ئێمە سادەیی گوزەری بارزانیی نەمر ڕامانی ئەوەیە کە بارزانی نەمر بەسادەیی ژیاوە و ژیانی لە ئەشکەوت و دەربەدەری و ئاوارەی و شەونخونی بەسەر بردووە، ئەویش لە پێناو ئازادی ودۆزی گەلی کورد، هەروەها گوزەری بارزانی نەمر لەسەر بنەماکانی ئیسلام بەسادەی و ساکاری دروستکراوە و هەروەکو گوزەری پێشمەرگەیەکی شەهید وایە.

دەربارەی سەردانی سەرۆک هۆزە عەرەبەکان بۆ سەرمەزاری نەمران، خەڵات بارزانی گوتی: ئەم ساڵە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی ناوداری عەرەب و سەرۆک هۆزەکان سەردانی مەزاری نەمرانیان کردووە. ئەوان لێرە پڕ بەدڵ سوپاسی سەرۆک بارزانیان دەکرد، کە ڕێبازی بارزانیی نەمری بەرنەداوە لەهاوکارییکردنیان بەتایبەتی هاوکارییکردنی ئاوارە عەرەبەکان، کە زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕی داعش لە کوردستانەو خزمەتیان دەکرێت لە گشت ڕوویەکەوە بەبێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و ناوچەگەری.

لەکۆتاییدا خەڵات بارزانی نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی لەسەر مەزاری نەمران گوتی: داواکارم یەکڕیزو یەک دەست بین بۆ ئەوەی ببین بە گوڵێک بۆ سەرگۆڕی شەهیدانمان و ببین بە گوڵەیەک بۆسینگی دوژمنانی گەلەکەمان.

سەروەرینامەی شەهید عیماد ئەحمەد زەنگەنە

دارشتنەوەی: تاریق کارێزی

خێزانێکی کەرکووکی، دەیان ساڵە نیشتەجێی بناری گردەکەی تەپەی مەلا عەولان لە نێو شاری کەرکووک. ئەو خێزانە گۆش کراوی شیلەی سۆز و وەفاداری بوون بۆ گەل و نیشتمانی خۆیان. ئاخۆ چ سەروەرییەک لەوە بالاترە مرۆڤ عاشق بە نیشتمان و نەتەوەی خۆی بێت، ئامادەش بێت گەورەترین ڕەنج و قوربانیی لە پێناودا بدات. کوردستانیان لە سەرانسەری ئەم وڵاتەی چۆکدادانی نەناسیوە و ناشی ناسێت، هەردەم گیان لە سەردەست بوون بۆ پاراستنی خاک و شکۆی خۆیان. ملیان بۆ هیچ داگیرکەرێک کەج نەکردووە، لە ئێستاش بە دواوە کاروانی ئەو شکۆمەندییە بڕانەوەی بۆ نییە. داگیرکەر بە ڕەنگ و زمان و بیر و پاساوی هەمەجۆر پەلاماری کوردستان دەدەن، سەرەنجام سەرشۆڕ و نائومێد، ئەگەر بە نسیبیان ببێت، بەڕەو وڵاتی خۆیان هەپیەی لێ دەکەن، ئەگەر نا تیری بەرەڤانی و بەرگریی ڕۆڵەکانی کوردستان، بە مەرگیان شاد دەکەن. مەرگێکی تاڵ کە بۆن و بەرامی قڕێژ و نەگریسی داگیرکاری تا ڕۆژی پەسلان، لێیان نابێتەوە.

چیرۆکەکانی تێکۆشانی کوردستانیان لە کەرکووکدا لە داستان تێپەڕ دەکەن و دەبنە ئەفسانە. ئەفسانەی خۆڕاگری و بەرەنگاری و مانەوە و کۆڵنەدان و نەسرەوتن تا بە ئامانج گەیشتن. داستان و ئەفسانەی ڕۆڵەکانی ئەم شارەی وڵاتمان بە هەزارانن. ئێمە لە دامەنی داستان و بەرگریی خێزانێکی کەرکووکییەوە، چیرۆک و سەربردەیەک دەگێڕینەوە. فەرموون لەگەڵ بەشێک لە وردەکاریی ئەو سەروەرییەی کەبە ناونیشانی مالباتی ئەحمەد ڕەمەزان زەنگەنە تۆمار کراوە.

ژیاننامەی شەهید عیماد ئەحمەد ڕەمەزان

عیماد ڕۆڵەیەکی نازدار و دڵێر و نەترسی پێشمەرگەی دێرین ئەحمەد ڕەمەزان زەنگەنە بوو. ئەو بنەماڵەیە ژیانی خۆی و ئەندامانی کردە بارمتەی وڵاتپارێزی و کوردایەتی و کوردستان پەروەری. بۆیە لە کەرکووکی زێدەوە بەرەو گەلێک شار و وڵات و هەرێمی جۆربەجۆر ئاوارە و پەراگەندە بوون. عیماد ساڵی 1961 لە شاری بەغدا لە دایک بوو. لەبەر ئەوەی خێزانەکەی هەردەم باجی کورد بوون و کوردستان پەروەریان داوە، دەبینین عیماد خوێندنی هەردوو قوناغی سەرەتایی و ناوەندیی لە تەوێڵەی هەورامان و لە سەماوەی باشووری عیراقدا تەواو کردووە. سالانێک لە نێو پێشمەرگایەتی، سالانێکیش لە تاراوگە و ژیانی دوورخراوەییدا. خوێندنی ئامادەییش لە کەرکووک، لە ئامادەیی کوردستان (بەعس عەبای عەرەبانەدنی بە بەژنی ئەو ئامادەییەش بەخشی و ناوی نابوو عەبدولەلیک بن مەروان) تەواو کرد. لە ساڵی خوێندنی 1982/ 1983 لە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر وەرگیرا.

وەک سەدان هەزار مالبات و خێزانی دیکەی کوردستان، لاپەڕەکانی سەربردەی ژیانی خێزانی ئەحمەد ڕەمەزان زەنگەنەش، تەژیبە لە ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری. لە ساڵی 1963وە ئەحمەد ڕەمەزان، کە بە (ڕەیس ئەحمەد) ناسرا بوو، دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئازادیخوازیی کوردستان، خێزانەکەشی لە ناوچە ئازادەکانی کوردستاندا دەژیان، کە لە ساڵی 1968 دوای ڕزامەندیی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستانەوە بۆ شاری قەسری شیرین گواستراینەوە. هەنگین ئەحمەد ڕەمەزان (ڕەیس ئەحمەد) لەگەڵ ساڵح پێداوی، کە بە ملازم ساڵح ناسرا بوو، لە چیای بەمۆی باکووری ڕۆژهەڵاتی خانەقین و ڕۆژهەڵاتی باکووری کەلار لە سەنگەری بەرگری و ئازادیخوازیدا، پێشمەرگە بوو. پێشتر ئەم دوو دلێرە (ئەحمەد ڕەمەزان و ساڵح پێداوی) لە چیای بەمۆوە لە کاتی مۆڵەتی ئەحمەد) ناسرا بوو، دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئازادیخوازیی کوردستان، خێزانەکەشی لە ناوچە ئازادەکانی کوردستاندا دەژیان، کە لە ساڵی 1968 دوای ڕزامەندیی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستانەوە بۆ شاری قەسری شیرین گواستراینەوە. هەنگین ئەحمەد ڕەمەزان (ڕەیس ئەحمەد) لەگەڵ ساڵح پێداوی، کە بە ملازم ساڵح ناسرا بوو، لە چیای بەمۆی باکووری ڕۆژهەڵاتی خانەقین و ڕۆژهەڵاتی باکووری کەلار لە سەنگەری بەرگری و ئازادیخوازیدا، پێشمەرگە بوو. پێشتر ئەم دوو دلێرە (ئەحمەد ڕەمەزان و ساڵح پێداوی) لە چیای بەمۆوە لە کاتی مۆڵەتی دەگەڕێنەوە، حکوومەتی عیراق وەک دەیان هەزار خێزانی دیکەی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ، بەڕەو باشووری عیراق، بۆ قەزای ڕومێسە سەر بە پارێزگای موسەننا ، دووریان دەخاتەوە. هاوکات حکوومەتی عیراق لە چوارچێوەی سیاسەتی عەرەبانەدنی کوردستاندا، تۆماری ناسنامە و ڕەگەزنامەی ئەو خێزانە لە کەرکووکەوە بۆ سەماوە ناوەندی پارێزگای موسەننا دەگوازێتەوە.

شەهید عیماد هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە شیر و بیری کوردایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازی جۆش دراوە و پەروەردە بووە. باوکی کە پێشمەرگەیەکی نەبەردی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو، لە هەر کۆ پێویست بووایە، ئەو گیان لەسەر دەست ئامادە بوو بۆ بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان. ڕەیس ئەحمەد دوایین پلەی لە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوولدا فەرماندەی بەتالیۆنی 3ی زمناکۆ بوو، سەر بە هێزی خەبات. ئەم فەرماندەیەی پێشمەرگە زۆربەی ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی لە چیای بەمۆ لە باکووری خانەقین بەسەر بردووە. ئەم ژیانی شۆڕشگێڕییەی باوکی و خێزانەکەی، زوو چووە نێو دڵ و دەروون و هزری شەهید عیماد، بۆیە ئەو هەرگیز ئامادە نەبوو سازش بۆ ڕژێمی داگیرکەری بەعس بکات. لە ساڵی 1986دا بۆ ماوەی یەک ساڵ لە خوێندنی کۆلیژ دەرکرا، چونکە ئامادە نەبوو ببێتە جەیشی شەعبی و چەکی داگیرکەر بگرێتە شان.

شەهید عیماد کە پەیوەندیی بە ڕێکخستنی نهێنیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەبوو، هاوکات گەردنی بەرزی خۆی بۆ هێزی داگیرکەری بەعس کەچ نەدەکرد، بۆیە سەرەنجام لە دوایین ڕۆژی تاقیکردنەوەی کۆتایی چوارەمین ساڵی خوێندنی لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلیژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەلاحەدین، ڕۆژی 6/24/ 1987 لە پرسگەی کۆلیژی ئەدەبیات سەر بە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر لە لایەن چەکدارانی ئەمنی بەعسەوە دەسگیر کرا. ئیدی هەر ئەو دەسگیر کردنە بوو، کەس نەیزانی هەواڵ و سۆراغی بە کۆی گەیشت. تا دوای شەش مانگ هەواڵی شەهیدکردنی بە دەستی چەتەولەکانی بەعس دەگاتە بەر گوێی خێزانەکەی. دوای سۆراغ و هەواڵ پرسین، بە پەنا بردنە بەر پیاوانی ڕژێمی بەعس، ئنجا ڕێ بە خانەوادەکەی درا کە لە گۆڕستانی کارگەی قیرەکە لە سەر ڕێی مەخموور لە دامەنی شاری هەولێر، جەستەی پیرۆزی شەهید عیمادیان لە خاک دەرهێنا. ئەکرەم ئەحمەد ڕەمەزان برا گەورەی شەهید عیماد دەگێڕێتەوە، کە ئەو ڕۆژەی ئەوان چوونە سەر بە هەلدانەوەی ئەو چاڵەی کە شەهید عیمادی تێ شاردرا بووەوە، هەر ئەو ڕۆژە پیاوانی سەر بە دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس کۆمەڵێک گەنجی شەقلاوەیان شەهید کرد بوو، ئەوانیشیان بۆ شاردنەوە و ژێر خاک کردن، هێنا بووە گۆڕستانی کارگەی قیرەکە. گۆڕێکی بە کۆمەڵیان بە شۆفەڵ لێ دا، ئنجا تەرمی ژمارەیەک گەنجی سەربەرزی شەقلاوە (بە مەزندەی ئەو لە نێوانی 20 تا 30 کەس دەبوون) کە لە لایەن بەعسەوە شەهید کرا بوون، خرانە نێو ئەو گۆڕە بە کۆمەڵەوە. بەعسی داگیرکەر، تەنانەت ڕێی بە خانەوادەی شەهید عیماد ئەحمەد ڕەمەزان نەدا، پرسەشی بۆ دابنێین.

هەزار سلاو لە گیانی پاکی شەهید عیماد ئەحمەد زەنگەنە و شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، لەسەروویانەوە بارزانیی نەمر و شەهیدی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی.





بەڵێ نێچیرڤان بارزانی پێشەنگی ڕۆژنبیرانە



دکتۆر سامان سۆرانی

مرۆڤی ڕۆژنبیر ئەو مرۆڤە سەر ڕاستەیە، کە لە سەر ڕێگایەکی ڕەوا و گونجاو دەڕوات، بۆ ئەوەی هەست بەو ڕێگەیە بکات، پێویستە لەسەری باوەڕی بەو بەها بەرزانە بێت، کە نیشتمان و کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی دەپارێزن. ڕۆژنبیر خاوەنی ویژدانێکی وریایە، قبوڵ ناکات سووکایەتی و ستەمکاری دژ بە خۆی و بە گەل و نیشتمانەکەی بکرێت. بۆیە هەر کەسێ هەوڵ بدات پەروەردەکراو و سەر ڕاست بێت، ئەوا ئەو کەسە بە دڵنیاییەوە ڕۆژنبیرە.

زۆربەی زانایانی بوارەکانی کۆمەڵناسی و زمان جەخت لەسەر ڕاستییەکی گرینگ دەکەن، کەوا "هەموو خوێندەوارێک ڕۆژنبیر نیە، بەڵام گومانیان لەوە نیە، کەوا هەموو ڕۆژنبیرێک خوێندەوارە". ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، کە لە لایەن دۆست و نەیارانی گەلی کوردستان بە کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و بە مرۆڤێکی خاوەن ئەتەکێت و بە دیپلۆماتکارێکی پر ئەزموون و نەرم ڕەفتار و خاوەن بڕیاری دروست دەبینرێت، زۆر دەمێکە ئەوەی بۆ جیهانی ناوخۆ و دەرەوە سەلماندووە، کەوا ئەو وەکو سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو لە ڕیزی پێشەوەی ڕۆژنبیرانە. بۆیە ڕەخنەی کوێرانەی هەندێ لە خوێندەوارە ناڕۆژنبیرەکان نابنە مایەی لەکەدارکردنی ڕێگە و توانای ئەو کەسایەتییە کوردستانییە.

خوێندەواری ناڕۆژنبیر، کە بێ بنەما و دەماگیرانە پەنجە بۆ ئاستی ڕۆژنبیری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی درێژ دەکات، لای شاراوەیە، کەوا دەستەواژەی ڕۆژنبیر لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەیی ناوەڕۆکی جیاجیا لە خۆ دەگرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی دیاریکردنی چەمکی "مرۆڤی کارایانە پشکدار بێت لە قوڵترکردنی خاڵە ئەرێنییەکان و دەورووبەرەکەی هان بدات بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دڕووستکرنی ژینگەیەکی تەندروست، تا ئەوەی ئەو کۆمەڵگایە دەگاتە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن و پڕ دەبێت لە بەهای مرۆیی. لە کۆتاییدا بڵاوکردنەوەی ئەو بەها مرۆییانە پێی دەووترێت شارستانییەت.

سەرجەم ئەو تایبەتمەندییە بەرزانە و ئەو ئاکارە پڕ ئەتەکێتانە لە کەسایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەدی دەکرێن. ئەو بە کەسێک ناسراوە، کە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ زانست و مەعریفە هەیە و بێتوچان هەوڵ دەدات لە پێناو زیاترکردنی زانیاری خودی و فراوانترکردنی ئاسۆی هزریی و بەردەوام بە هزرێکی تیژ دەڕوانێتە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ژینگەی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی و بە لێکدانەوەی ژیرانە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کار بۆ ناراستەکردنی کەشتی هەرێم دەکات، تا لە کەناڕێکی ئارام لەنگەر بگرێت. هەروەها بێ وچان کار دەکات، تا کۆمەڵگای کوردستانی خاوەنی ئاسایش و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی بێت.

پێوەرەکان چین بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین کەسێ خوێندەوار یان ڕۆشنبیرە؟

ئایا ڕۆشنبیری تەنها شیعر و چیرۆک و شانۆ و ڕۆمان و هونەرەکانی تر دەگرێتەوە، وەکو ئەوەی وەزارەتێکمان بە ناوی "وەزارەتی ڕۆشنبیری" بۆ تەرخان کردووە، یان ڕۆشنبیری لەوە فراوانترە؟

ئایا لە ڕاستیدا هەموو نووسەر و هونەرمەندەکان ڕۆشنبیرن؟ ئایا شێوەکار و پەیکەرتاش و ئەکتەرێک نیە ڕۆشنبیر نەبێت؟ یان دەکرێ بپرسین، ئایا ڕۆشنبیری پەیوەندی بە ئاستی خوێندنەوە هەیە؟ ئایا دەرچووانی زانکۆکان هەموو ڕۆشنبیرن؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێ بێت، ڕۆشنبیری لە چ ئاستێکی خوێندن دەست پێدەکات؟

ئەی چۆن ئەو کەسانەی لە ڕێگەی "ڕۆشنبیری زارەکی" یا تەنها لە ڕێگەی "هەستی بیستن" بوون بە ڕۆشنبیر پۆلێن بکەین؟

ئەگەر هەموو ئەکادیمیەک بە زەروورەت ڕۆشنبیر بێت، ئەی ڕۆشنبیر ئەو کەسانەی کە هەڵگری بڕوانامەی میکانیک و کشتوکاڵی و ئاسنگەرین دەگرێتەوە، یان تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خاوەنی بڕوانامەی زانستە مرۆییەکانن؟ واقیع پێمان دەڵێت، کەوا زۆربەی ڕۆشنبیر و کەسایەتییە لێهاتووەکان هەڵگری بڕوانامەیەکی زانستی و ئەکادیمی نەبوون، نموونە و ناوەکان زۆرن. لێردا ئامازە بە ناوی هەندێ لەو کەسانە دەکەین، کە کۆمەڵگای کوردستانی پێیان ئاشنایە:

لە سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا، بۆ نموونە جۆرج واشنتۆن، جەیمس مۆنرۆ، ئەندرۆ جاکسۆن، مرتن ڤان بیۆرن، هاری ترومان. هەروەها سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا وینستۆن چەرچیڵ و شا عەبدوڵڵا ی عەرەبستانی سعودی. نووسەرە ناودارەکانی وەکو ولیام شکسپیر، لیۆ تۆلستۆی، ئێرنیست هێمنگوای گابریەل گارسیا مارکێز، پاولۆ کۆیلۆ، عباس محمود العقاد (تەنها خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە)، سلامە موسی (تەنها خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە)، ئەمانە هەموو بێ بڕوانامەی زانکۆ بوون.

لە کۆتاییدا دەڵێین ڕۆشنبیری ڕەوشت و ڕەفتاریکی شارستانی و مەعریفی بەرزە، کە تاجەگوڵینەی کرداری مرۆڤایەتی لەسەر نراوە و تەنها شتێکە کە دەمێنێتەوە، پاش ئەوەی وانەکانی قوتابخانە لە بیر دەچنەوە. خوێندەواری ناڕۆژنبیر ئەو کەسانەن، کەوا لە ڕێگەی لەکەدارکردنی کەسانی تر بوونی خۆیان بسەلمێنن.

نامەیێک بۆ شەهید ئەسکەندەر



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*

برام ئەسکەندەر ببورە گیانی من کە گوتیان بریندارى چاوەڕوان نەبووم و نەمدەزانى ئاسن و ئاگر یاخەت دەگرن، من پێشتر هەردەم لە خەیالت بووم و لەو ڕۆژە ڕەشەش دەترسام لە دەستى نامەرد لە ئاگرى داعش کە پێت بگا و هەردەم بە دڵ لە لات بووم لە هەر قارەمانییەک کە تێبدا بەشدارىبوى، ڕاستە جەستەم لەلات نەبوو، بەڵام دڵم میوانت بوو هەردەم لەسەر تەلەفونەکەم بووم هەنگاو بە هەنگاو سەرقاڵم دەکردى چونکە عشقت و برایەتى زەمەنێک لەسەر یەک کەلەکەى کردبوو گەر هەرسالە و وەک دروستکردنى بالەخانەیێک نهۆمێکى تێدا دروست کرابێ بالەخانەى برایەتى و خۆشەویستیمان چل قاتى تێپەڕاندبوو.

بەڵێ بەرزترین بالاى هەبوو گەر پێناسەى بە عشق و ئەفسانەکان بکرێ لە مێژوو چى کەمتر نەبوو لە (لەیل و مەجنون) تۆ برایەکى ڕوحى من بووى، تۆ مایەى ئومێد و خۆشەویستى من بووى، تۆ سەرچاوەى ئارامیم بووى، لە بیرتە بەر لە (3)مانگ کەمن نەخۆش بووم گلەیم لێت کردبوو لاى براەدەڕێک و گووتم نەمبینیوە، نەهاتووتە لام، کەچى تۆ کە گلەییەکەت پێگەیشت لە سەفەر بووى لە دەرەوەى کوردستان تەلەفونت کرد و پێمت گوت گلەیت کردووە و گووتم بەڵێ گوتت وانیە ئەو ڕۆژەى تۆ نەخۆش بووى لە نەخۆشخانە لەسەر سەرت بووم بڕام بە ڕاست نەمەزانى و وامزانى نەمبینیبووى وامزانى بێ خەبەرى لێم بمبوورە دیارە تێمنەگەیشتى کە دڵم تۆى دەویست، پێویستم پێت بوو حەزم لە دیدارت بوو، حەزم لە گاڵتە و قسە خۆشەکانت بوو حەزم دەکرد گرێى دڵم لات بکەمەوە حەزم دەکرد باسى ئازارەکانى خۆمت بۆ بکەم حەزم دەکرد گوێم لێ بگرى، حەزم دەکرد گوێم لە دەنگت، بێ، حەزم دەکرد دڵى خۆمت بۆ بکەمەوە و نهێنییەکان بدرکێنم بڕام هەرتۆم هەبوو بتدوێنم و بمدۆزینى، تێتبگەینم و لێم تێمبگەى، بەڵێ بڕام بۆیە بە بێ وەختى بەبێ ئاگا داواتم کرد زۆر بەبێ ئاگا دڵم تۆى ویست، بەڵام پێم نەگەیشتى ئەو ماوەیە هەر هەمووى چاوەڕوانت بووم تۆ لێم بپرسى تەلەفون بکەى کەچى نەتکرد نازت نەکێشام لە ناکاو لە 9/5/2019تێیلم بۆ هات و ڕەشیدى ڕۆلەت دڵمى سوتاند ناخمى هەژاند، ئەگەرچى گووتى مامە فارس باوکم باشە، بەڵام زامدارە زۆر بە ئازارە، ئەژنۆم شکا، زمان لاڵ بوو، هێزم نەما ئەوەى لێى دەترسام لە کاتى خۆى کە ڕووى نەدا شوکور بۆ یەزدان کەچى لە ڕۆژێکى ئارام لەناوماڵى خۆمان یەخەى گرتین و ئەو ترسەى پێشتر هەبوو ڕوویدا زۆرم لە خۆکرد هەستمە سەرپێ زۆرمکرد خۆراگرىم، کەچى ڕووخام لە ژوورێکى تەنیایى زۆر بۆت گریام تاکو کەوتم بێ هێز بێ ناز، بە تەنیایى لە ژوورەکەم کەوتمە خەیاڵ دەبێ یەزدان ڕوحم بکا جارێکى تر ببینم شەوقى چاوى بۆ ئاسکەندەرى ڕابردوو بۆ دڵى خەیاڵ زۆرى هێزى یەزدان دەستى گرتم بەبێ ئاگا بۆ لاى دیدار و چاوەکانى تۆى بۆ بڕدم، کە هاتمە لات گووتیان لە خۆ نیە، نەشتەرگەرییە ئاگاى لە خۆ نیە، لە دکتۆر زیاتر کەسى لا نیە چاوەڕوان بووم لە نیوەڕۆ تا ئێوارە ڕێگا نەدرا من بێمە لات تەنها بۆ دیتنت، تۆم دەویست نەمدەزانى دواجارە و ئیتر ئومێد نیە کە ڕۆژى دوایش بتبینم، ئەوان منیان خەڵەتاند دکتۆر لێمى شێواند گووتى ناکرێ مەجال نیە و نابێ چەندى گووتم کاکى دکتۆر من و ئەو سنورمان لەنێوان نییە بۆ کەس نیە ڕێگام بگرێ بەڵام گرتى، بەڵێ برایەتى من لەبیرکرا، مێژووى من و تێیان بەڵاوەنا، منى دڵسوتاویان لەسەر ڕێگات لادا، تۆیان لە من ون کرد هەرچى بڕیار و یاساى نایاسایى هەیە کە جێبەجێ ناکرێ لەسەرمن جێبەجێیان کرد. بەڵێ منیان لادا لە سەر ڕێگات، زۆر هیلاک بووم، زۆر بۆت گریام پەنام بردە بەر ڕەشیدى ڕۆلەى بڕام گووتم ڕەشید باوکتم دەوێ زۆر زەروورە چاوم بە چاوى باوکت کەوێ ئەویش گووتى مامە فارس باوکم بە ئازارە زمانیشى زامدارە نامانەوێ کەس بیدوێنێ زۆر پێویستە بۆخۆى بنوێ و بێ تاقەتە تەنها دایکم لاى ئەوە با لێى گەڕێین بیخەوێنى , ئیتر بە دڵێکى شکاو بە چاوێکى پڕ فرمێسکى وەک هەتیو بۆ باوک گریاو ڕووم وەرگیرا و نەخۆشخانەم جێ هێڵا چاوەڕوان بووم کاکە چاپوکى ئامۆزات زەنگێک بکاو لە تەلەفون داوام بکا وا بڕیار بوو لاى هەردووکمان یان بۆ شەو یان ڕۆژى دووەم دەست لە مىلى ئەسکەندەر بکەین، نێوچەوانى ماچ بکەم، بڵێم لێڕەم جێم مەهێلە جێت ناهێلم، زۆر شەیدابووم بە دیدارت شاد بمەوە، ماچێک لە نێو چاوت و یەکێک لە گەردەنت بکەمەوە کەچى داهەکەم هەر چاپوک بوو ڕۆژى دووەم ئێوارەکەى زەنگى بۆ لێدام گووتى ئەسکەندەریان بەرەو وڵاتى ئەردەن برد، ئیتر فرى تەیرى بێ باڵ لە دەست دەرچووە، منیان جێهێشت لێکیان کردین، گووتم باشە بە دواتدا دێم بەرەو ئەردەن وا لە ڕێم بڕیارم دا چاو بە گریان وەک تۆ بفرم، بەڵێ بڕام بۆ زانینى شوێن و جێگات زەنگم لێدا بۆ ڕەشیدى کورە بڕام گووتم ڕەشید باوکت چۆنە وێستم بڵێم وا لە ڕێگام ڕەشیدى چاو بە گریان ڕێگاى نەدام قسەم تەواوکەم گووتى مامە فارس باوکم نەماوە لە ژیان , چەند ساتێکە گەیشت بە کاروانى سەروەران، بەڕاست جەرگى داغ کردم، هیچم نەبوو بۆى بڵێم هەر هێندەم گووت باشە ڕەشید گیان باوکت منى بە جێهێشت چاو بە گریان بۆ کۆى بچم بە کێ بڵێم بۆچى ئەسکەندەرتان لە من ستاند؟! تازە ڕۆیى لە دەستم چوو ئیتر تەواو هەرچى بڵێم سودى نیە چاو لە ڕێگام ئەم جارەیان بەرەو خاکى باب و باپیران دیسان دەفڕێ و دەگەڕێتەوە لە وڵاتى غەریبان بەڵێ گەراوە و گەڕایەوە بۆ ناو ئاخ و ئوف و پەژارایە دڵسۆزەکان، بەڵێ بە دەستەگوڵ ڕازایەوە ئاخى سەرۆک و سەروەرمان بارزانى و هەڤاڵاڵاو هاوسەنگەرانى کەسوکار و بڕاکانت و ئاشتیخواز و ڕیفراندۆمچییەکان لە دەورت بوون نەک هەر چاوێک هەزاران چاو لە دیارت بوو هەر هێندەم دەوێ پێت بڵێم (کاکە ئەسکۆ پاشاى بایە فریق) ئەسکەندەرى بڕام ئەى فەرماندەى کورد زۆر جێگاى شانازییە خەونى ملازمى تەلە سالى 1984بە فەرماندەیەکى گەورە و خۆشەویستێکى سەرۆک بارزانى کۆتایى بێت، تۆ سومبلێکى بەرخودان و شەرەفمەندى گەلى کوردى، بەچکە شێرێکى هەولێرى لە دەشتى بەرانەتى لە لیوارى شاخەکانى بن چیاکانى (پیرمام)ى مالە گەورەى کوردان و بارەگاى بارزانى، تۆ لە گوندە بێنازەکەى بە ناو شێخانى لانەى پێشمەرگان چاوت کردەوە بۆ خولیاى کوردایەتى بووى!! بەڵێ وابوو هەرتۆبووى بە منت گووت لە سالى 1984فارس کاکە وەرە لە گەڵم بچین بۆ کۆلیژى سەربازى عێراقى کە تەواومان کرد شەرت بێ خزمەت بە عێراق و ڕژێمى بەعس نەکەین گووتت من تەنها بۆ ئەوەمە بیم بە ملازم لەگەڵ تۆ بە یەکەوە کە تەواو بووین دەردەچین و دەبین بە پێشمەرگەى ڕێبازى بارزانى و گووتت ئاواتمە بە یەکەوە پێمان بڵێین لەم شاخ و داخە ملازم فارس و ملازم ئەسکەندەر دوو پێشمەرگەمن خەبات دەکەن بەڵێ بڕام لە یادمە و شاهیدم تۆ دەتویست ببیت بە پێشمەرگە و پێت بگووترێ ملازم ئەسکەندەر، بەڵێ بەر لە (35) ساڵ ئەمە ئاواتت بوو لە هەرزەکارى بەڵێ ئەوە تۆى ئەو ئاواتەت گەیشتە جێ، ئێستا فەرماندەیەکى کوردى شەهیدێکى مەزنى، چونکە لە ناختدا وێنەى کوردستان نەخشابوو، بەڵێ من هاوڕێت بووم لێت بە ئاگام زۆرى ترم لە لایە بەڵام بە چاوى بە گریان هەر هێندە دەگووترێ، بەڵێ کە تەرمە پیرۆزەکەتم بینى بە ئالاى کوردستان نەخشێندراوە، (35) ساڵ گەرامەوە دواوە گووتم ئەوە خەونى ملازم ئەسکەندەر بوو، بەڵام ئێستا عەمید ئەسکەندەرە و فەرماندەیەکى مەزنە و خۆشەویستى بابە مەسعود بارزانیە، شەهید بوونى داخى دڵى هەمووماندە، من چەند ڕۆژە حەزم لە دیدارتە و سەرگەردان بووم و لێت دابڕاوم، ئەوە هاتییەوە لام لە بەردەمت وەستام، گوتم من بۆ ئەسکەندەرم، من هاورێ و هەڤاڵێ ئەمرۆى نیم، من خاوەن مافێکى ئەمرۆى نیم، من هاوڕێت بۆ خانەوەدەکەت، بۆ منى هاوڕێت بۆ ڕێبازەکەت نواند، سەربەرزین پێت، ماڵ ئاوا بەهەشت ماڵە گەورەکەتە پەنا بە یەزدان.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتزگای هەولێر (پ.د.ک).**





عەدنان فاخیر

ڕوانین لە واقعی ئەمڕۆ لەدەرگای زانستی نوێ و ئەزموونە مێژوویەکانەوە

لەبەر چاوگرتنی ئەم دوو چەمکە لە هەر هەنگاوێکی سیاسی ئابووری سەربازی و.....دا پاڵپشتێکی باشە و تین و توانای زیاتر بە مرۆڤ دەدات و سەرکەوتنیش مسۆگەرتر دەکات ,ئینجا هۆکارەکانی ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک لە پێکنەهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم دیارە هەندێکیان هۆکاری خۆیین و هەندێکیشیان بابەتین ....سەرەڕای ئەمەش نەمانی متمانە لە نێوان خودی لایەنە سیاسییەکان و خەڵک و ئەو لایەنانەی کە بەردەوامن لە وێک هاتنەوە و لە دەستدانی متمانەی خەلک هۆکاری ترن .... بەهۆی ئەو کرانەوە ڕەهایەی هاتۆتە ئاراوە و ئەزموونە مێژوویەکان بۆ خەڵکی ڕوون بۆتەوە کە ئەو لایەنەی کۆسپە لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێدا و خۆیشی بە خاوەنی بەشێکی گرنگی دەستکەوتەکان دەزانێت هەر لە بنەڕەتدا نایەوێ بێتە ناو حکومەت و کابینەی نوێدا چونکە وا دیارە ئەوەی لەدەرەوەی حکومەتدا پێی دەکرێ و بۆی دەکرێ لەناو حکومەتدا نە پێی دەکرێ و نە بۆشی دەکرێ ... ئەزموونەکان زۆرن و بەردەوامن و کۆتاییشان پێ نایێ ... بۆیە دەبێ و پێویستە کورد ئەو کارە بکات کە هەر دەبێ بیکات ..ئەویش بریتییە لەوەی وەکو میللەتێکی دابەش و داگیرکراو خاوەن ئەزموون و کارەسات دیدە بە فکرو ڕامانەوە بە ئەزموونە مێژوویەکاندا پچێتەوە و ئێستای لەگەڵدا بەراورد بکات و چاوی عەقڵیش بخاتە پاڵ چاوەکانی تری و ئینجا لە ئایندە بڕوانێت ... تا بزانێت کێشە و چارەنووسەکەی لەسەر تاوڵەو مێزی زلهێزەکان چ کاڵ یەکەو لە لایەن بەرێوبەر و هەڵسوڕێنەرانی جیهانی ئەمڕۆ بە چی دەپێورێت و دەکێشرێت ...!!. جا لەبەر ئەوەی لە کاری سیاسیشدا هیچ شتێک مەحاڵ نییە و هێڵە سوورەکانیش کاڵ بوونەتەوە ....کەواتە هەموو سیناریۆ و ڕوداوە چاوەڕوان نەکراوەکان لە بەردەم هەندێ لایەنی سیاسیدا کراوەن ... بارگاوی بوونی عێراق و ئێران و تورکیاش لە ژێر کاریگەری ململانێی زلهێزەکاندا دۆخی ناوچەکەیان زیاتر قوڵتر و ئاڵۆزتر کردووە، جا بۆ سووک کردنی فشارەکانی سەریان دوور نییە خۆیان بە هەرێمی کوردستاندا خاڵی بکەنەوە . کەواتە زانستی سەردەم وئەزموونە مێژوویەکان دوو ڕووی ئەو دەرگایەن کە دەروانێتە واقعی ئەمڕۆ.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای صباح نعمان رشید جۆری ئۆتۆمبێل: لکزس G*٤٦٠ ٨ بستۆن ئۆتۆماتیک ئۆتۆمبێل ئستیشن بەرز مۆدێل ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٧١٦٩ کاتی هەولێر ژمارەی شاسی: JTJJMVFX9J5٢٠٠٤٩٤ وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێستی ئۆتۆمبێل جۆری ئۆتۆمبێل: BMW رەنگ سلفەر مۆدێل ٢٠٠٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل UHN٢٨٢ ژمارەی شاسی: WBANA٧١٠١٠B١٠٢٤٤٩ وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی: کومپانیای Auto MAHDI جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس فلات جوانب متحرکە سکس ویل دبل قارە رەنگ کەسک مۆدێل: ٢٠١٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٠١٥١ ژمارەی شاسی:WDB٩٣٠٢٤٣١L٤٧٣٦٤٣ وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای یوفان جۆری ئۆتۆمبێل: حاصدة زراعية نيو هولند رەنگ: زەرد مۆدێل: ٢٠٠١ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٦١٤٣ ژمارەی شاسی: ٨٥٩٢٣٨٠٠٧ وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ڕوونکردنەوە و پۆزش

لە کاتی بڵاوکردنەوەی تەندەری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جاری دووەم سەبارەت بە چاپی کتێب، ڕێکەوتی دەستپێکی تەندەرەکە کە (٢٠١٩/٥/٧) بووە لە کاتی تایپکردنیدا پەڕیوە. بۆیە لێرەدا دایدەنێینەوە.

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : خيري حجي كارص

للطلب المقدم من قبل المستدعي (جمال حجي كارص) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / عبدالعزيز احمد عزيز

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : حجي كارص درويش

للطلب المقدم من قبل المستدعي (جمال حجي كارص) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / عبدالعزيز احمد عزيز

***

زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

کۆلێژی یاسا

خوێندنی

ژمارە: ٥١٤/٢/٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٦

بۆ/ بەڕێز احمد عبدالله سیدۆك/ بەناونیشانی (مامۆستای یاریدەدەر)

بابەتی: بانگهێشتکردن بۆ بەرگری نامەی دکتۆرا

سڵاو لێبوردن لە دواکەوتنی وەڵامدانەوەتان

بەپێی ئەو نامەیەی کە لە ٢٠١٩/٥/١٤ بۆ ئێمەتان ناردووە، ئێمە بە ڕەزامەندی ئەنجامدانی بەرگری نامەی دکتۆرا بۆ خوێندکار (ئاسۆ عبدالرحمن یحیی) لە بەشی (یاسای گشتی) لە ڕۆژی (٢٠١٩/٥/٢٢) لە کاتژمێر (١٠:٠٠) لە هۆڵی (١) لە بینای (١) لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژە ئێمە بەشداری کۆڕێکی زانستی دەکەین لە زانکۆی (جیهان) لە سلێمانی، بۆیە ئەو ڕۆژە ناتوانین بەشداری بەرگری نامەکە بکەین.

بۆیە ئێمە ئەو ڕۆژە بۆ بەرگری نامەکە دیاری ناکەین.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان من دامەزراندنی بەڕێز (سنان راسم سعید) بە بڕیاری دەستەی کارگێڕی کۆمپانیای (ITSC المحدودة) لە ڕۆژی (٢٠١٩/٣/١٤) بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری لقی کۆمپانیای (ITSC المحدودة)، بۆیە ئاگادارتان دەکەین لقی کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە لقی کۆمپانیا یان قەرزی لەلای لقی کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری لقی کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .

پاکتاوکار

سنان راسم سعید

٠٧٧١٠١٢١٢١٦

***

دادگای بەرایی هەولێر

ژمارە: ٢٨٨٣/ب/٢٠١٨/٣

بەروار: ٢٠١٩/٥/١٣

داواکاران: رشید عبدالرحمن یحیی و و هاوبەشەکانی

داوالێکراو: بشیر عبدالرحمن یحیی و و هاوبەشەکانی

شوێنی مواڵك: هەولێر- گەڕەکی ٥ی حسارۆك نزیك مزگەوتی ئەنبیا

ژمارەی مواڵك: ٧٠٥/٥ك ٩٣ حسارۆك

پێکهاتووەکان: پێك دێتلە ٢ خانووی ٢م١٢٥ دوو نهۆمی وەکو یەك هەر خانوویەك پێك دێت لە یەك ژوورو مەتبەخ و حمام و مرافق لەخوارەوە، ٢ دوو ژوورو حمام و مرافق لەسەرەوە لەبلوك و کۆنکریت دروستکراوە.

ڕووبەر: ٢٥٠م٢

نیشتەجێ: خانووی یەکەم / عائشە شوکت عمر/ کرێ نادات لەکاتی فرۆشتندا دەرئەچێ

خانووی دووەم/ إبراهیم زهێر محمد علی/ کرێی مانگانەی ٣٧٥,٠٠٠ دینار لەکاتی فرۆشتندا دەرناچێ

نرخی خەملاندن: ٧٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار نرخی خانووی یەکەم

٧٤,٠٠٠,٠٠٠ نرخی خانووی دووەم

کۆی گشتی ١٤٨,٠٠٠,٠٠٠ سەدو چل و هەشت ملیۆن دینار

لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لەداوای ژمارە (٢٨٨٣/ب/٢٠١٧/٣) (إزالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم موڵکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاویکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەشەکانی بێ یان هاوبەشی نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینکردنی یاسایی ڕێژەی (١٠٪) لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات، هەر زیادبوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.

داوەدەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگەها بەرایی دهوك

ژمارە/ ٣٦٩ /ب/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/١٩

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکاراو (یوسف علی حسن) جهێ ئاکنجیی نەدیارە ڤێ دادگەهی دداوایا ژمارە ٣٦٩/ب/٢٠١٩ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٤/١ بریاردایە (دانا تە بە داواکار نوری سلیم خالد) کوژمێ (٤٤٠٠٠) چل وچار هزار دولار بەرامبەر کوژمێ (٥٢٨٠٠٠٠٠) پینجی ودوو ملیون وهەشت سەد هزار دینار وتو تەحملا مەزاختنین داوایێ وماندیبونا پارێزەرێ بریکاری داواکاری پارێزەر محمد احمد ئامیدی کوژمێ (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیون دینار وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا ڕاگەهاندنا دادوەری دهوك ژمارە (١٢٧١) ل ٢٠١٩/٥/٩ وڤەژارا هەلبژارتیێ تاخێ سێ گرکا ڕێکەفتی ٢٠١٩/٥/٨ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ببریارا ڤێ دادگەهێ بڕیکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلجونێ وپێداچونێ هەیە دماوێ یاسایی دا وبەروڤاژی دێ بریار پلا ڤەبر وەرگریت لدیف یاسایێ

داوەر / عزیز محمد سعید

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سلێمانی

ژمارە / ٤٤٣/ ت / ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٠

ئاگەهداری

ڕێڤەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا کومپانیا (مسعود صالح سعید بو گورینەوەی دراو/ تاك) یا قەرزار (مسعود صالح سعید) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣/سی) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا ژ بەلافکرنا ڤی ئاگەهداریێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو زانین بهایی هاتیە دانان دبیتە (٦٦,٠٠٠,٠٠٠) شێست وشەش مەلیون دیناری عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێ سەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلیمان خالد

***

سەرۆکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ

مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ١٢٦٣ /٣٣٤/٣٥/ ١٢٦٣

ڕێکەفت: ٢٠١٩/٥/١٦

ئاگاداری

ئاگەهداریا هەڤوەلاتیێن بەرێز دکەین سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو کرێدانا کوشکا ژمارە (١) یا ئاڤاکری لسەر پارچەك ئەردێ ژمارە (١٠/١٩) کەرتێ ٩٣ تەنشت ئاکرێ بو ماوێ (٣) سالا ل دیف یاسا فرۆتن و کرێ دانا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا دخوازیێن خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ وەك بارمەتە بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ ٣٠ ڕوژا ل ڕوژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ و ئەڤ سەر ئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن دەم ژمێر ١٢ دووانزەدی نیڤرو ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ بەلافکرنێ و هەمی خەرجیێن پێتڤی کەڤنە ستوێ وی.

بلند رضا زبیر/ سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

ژمارە: ١١٩/ج/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/٩

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ دیرین خالد حمه

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١١٩/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا برایەتی ل دیف بەندی ٢ ژ یاسا ژمارە ٦ یاسالا ٢٠٠٨ ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ببریارا ڤێ دادگەهێ بڕیکا دوو روژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٧/١٨ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە: ٤٤٠/کەتن/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ رواد خلف حسین

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٨٠/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سێمێل یا بەرهنگاربوونا توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان ل دیف بەندی ٧ ژ یاسا توندوتیژی دژی خێزانی ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٧/١٧ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ بیان ادیب رشید

دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە: ٤٣١/کەتن/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/١٢

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێن ڕەڤی/ عبدالله لؤید احمد و جبار محسن حسام

دەمێ هوین یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٩٢/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا برایەتی ل دیف بەندی ٢ ژ یاسا ژمارە ٦ یاسالا ٢٠٠٨ ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ببریارا ڤێ دادگەهێ بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٧/٢ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ بیان ادیب رشید

دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە: ٤٤١/کەتن/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٥/١٣

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ خلف حسین برو

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٨٩/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سێمێل یا بەرهنگاربوونا توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان ل دیف بەندی ٧ ژ یاسا توندوتیژی دژی خێزانی ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێن نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبونا خۆ دەربڕی لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایێدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.

دادوەر/ بیان ادیب رشید

دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە/ ٩٥/أ/جنح/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٨

ئاگەهداری

بو کەسێ دادگەهکەری (اومید فوزی طه) یێ نەناس جهێ ئاکنجیبونا تویێ هاتیە دادگەهکرن ببێ ئامادەبوون لسەر (٣) سێ تۆمەتا زیندانکرنا سڤك بو ماوێ سێ هەیڤا (ثلاثة اشهر) لدیف بەندێ ٤٤٦ / ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ یاسا سزایی و ژبەر نەیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بهیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبونا خۆ دەربڕی لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاسایێدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان دەرهقی تەدا

دادوەر/ بیان ادیب رشید

***

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

Request for Proposal (RFP)

Rehabilitation of Water Treatment Plants

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Iraq invites qualified suppliers and manufacturers to make a firm offer for the Rehabilitation of water treatment plants

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents Available at the UNGM Link below
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/213	Rehabilitation of water treatment plants	https://www.ungm.org/Public/Notice/90799 The RFP Documents can also be requested by sending an email to irqbasup@unhcr.org. Please insert HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/213 in the subject heading

2. IMPORTANT DATES FOR THIS ITB:

DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq)	ACTION REQUIRED
19 May 2019	Issuance of the tender notice
2 June 2019	Closing date for clarifications
18 June 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Deadline to submit your complete offer for this RFP

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

صيانة محطات معالجة المياه

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لصيانة محطات معالجة المياه

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/213	صيانة محطات معالجة المياه	https://www.ungm.org/Public/Notice/90799 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/213

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	2 حزيران 2019 الساعة 23:59 توقيت بغداد
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	18 حزيران 2019 الساعة 23:59

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٩
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (کاروان عبدالله حمد)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٦/٢٣ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / حنان بشیر محمد
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١١١/ك/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٩
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (شعلان سامی عناد)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٦/٢٣ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / حنان بشیر محمد
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ١١٣٨/ ب٥/ ٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (محمد عبدالوهاب نصر الدین)
داواکار (بەڕێوەبەری گشتی بانکی عێراقی بۆ بازرگانی) داوای ژمارە ١١٣٨/ب/٥/ ٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری پارەی (٣٤,٠٠٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ناز ستی) لە ٢٠١٩/٥/١٥ بڕیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٦/٢٣) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:١٩٤٧/ش١/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٠
جاردان
بۆ داوالێکراو (فراس جبار عباس)
ئاماژە بە داوای ژمارە (١٩٤٧/ش١/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (شیماء داود رشید) وە داوالێکراو (فراس جبار عباس) کە لە داواکە داوای (تفریق للهجر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ازادی دادگا بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٢٣ کە خۆت ئامادەبیت یان جێگرێکی یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ دیار محمد علی
* * *
سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢
سالّی ١٩٧٧
ژمارە: ١٧٢
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٠
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن پارچە زەوی ژمارە (٢) کەرتی ١٨/قیرژە هاوولّاتیان (لقمان محمود میکائیل و رابەر سعدی علی) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بریاری (٢٢٢) سالی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کوژانەوەی پارچە زەوی ئاماژە پێکراو بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سەری بڵند جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە رۆژی ٢٠١٩/٦/١١ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە ئەگەرنا بە پێچەوانەوە لێژنە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
د.عبدالرحیم عمر مصطفی/ سەرۆکی لێژنە
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٦٥/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عزیز مصطفی حمه خان ناوی دایکی: فاطمة مصطفی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٥٣٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: کامران عمر حسن اسماعیل
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی / ٢
ژمارە : ٢١٠٨ / ب / ٢٠١٨
بەروار : ١٩ / ٥ / ٢٠١٩
داواکار : مظفر محمد محمد سعید
داوالەسەرکراو : سامان محمد علی
بۆ داوالەسەرکراو : سامان محمد علی
داواکار بەناوی (مظفر محمد محمد سعید) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (٢١٠٨ / ب / ٢٠١٨) تایبەت بە (قەرز پارەی دەرمان بە بری (٢٩٧٣٧٠٠٠) بیست و نۆ ملیۆن و حەوت سەد و سی و حەوت هەزار دیناری عێراقی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو رۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (١٧/ ٦ / ٢٠١٩) سەعات (١٠:١٥) یان ناردنی بریکارێک بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .
دادوەر / کمال رضا احمد
* * *
دادگای باری کەسێتی / ٣
ژمارە : ٤٧٢ / ش / ٢٠١٨
بەروار : ١٩/ ٥/ ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار : هێمن ابوبکر حمه علی
داوالەسەرکراو : سەرمەست سەردار رحیم
داواکار (هێمن ابوبکر حمه علی) داوایەکی بە ژمارە (٤٧٢ / ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت،وە لەم داوایەدا هاتووە بەپەسەندکردنی طلاقی دەرەکی لە ٢٠١٨/٨/١٢ داوالەسەرکراوی طلاق داوە ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروواری (٢٠١٩/٦/١٠) سەعات (١٠:٣٠) ی سەرلەبەیانی بە پێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .....
دادوەر / جمال صدرالدین علی
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی / ٢
ژمارە : ٣٠٦/ ب / ٢٠١٩
بەروار : ١٤ / ٥ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار : عادل علی حسین
داوالەسەرکراو : ظاهر حمه احمد
بۆ داوالەسەرکراو : ظاهر حمه احمد
داواکار بەناوی (عادل علی حسین) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (٣٠٦/ ب / ٢٠١٩) تایبەت بە (استحقاقی مولّکی ژمارە ١٢/٦٠ کەرتی ٣٥ کانی سپیکە بە بری (١٤٤٠٠٠٠٠٠) سەد و چل و چوار ملیۆن دینار) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو رۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٣/ ٦ / ٢٠١٩) سەعات (١٠:١٥) یان ناردنی بریکارێک بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .
دادوەر / کمال رضا احمد
* * *
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٢٦٣/ب/٢٠١٤
رێکەفت: ٢٠١٩/٥/١٩
ئاگەهداری
لدیف بریارا مە یا ژمارە (٢٦٣/ب/٢٠١٤) ل ٢٠١٤/١١/٢٠ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالە شیوع) ڤ ئاقارێ ژمارە (١٠ کەرتێ ١٤ عباسیە) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بو لسەر زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ روژا دا دەست پێدکت ژ روژا دی یا بەلافکرنێ د دوو روژنامێن روژانە دا و هەرکەسی بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکت داکو ١٠٪ دابینن بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیار دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادوەر/ احمد حسن خلف
سەخلەت:
ئەڤ ئاقارە دکەڤیتە سەنتەرێ باژێرێ زاخو تەنشت رێڤەبەریا پەروەردا قەزا زاخو ڤە ل سەر کەنارێ روویارێ خابیری ڤە و ئەڤ روویارە ژلایێ باشووری ڤە د ئاقارێ دا دبورت و د ناوچەک نیشتەنی دایە خزمەتگوزاری لێ هەنە وەک ئاف و کەهرەب و روویەرێ ئاقارێ (٥٨,٥٠٠)م٢ ڕەگەزێ وێ (بیستانەک چاندی بی داڕێن ب بەر) و پولێن ئاقاری (مولکێ دەولەتێ یە) و ئاقار بریتی یە ژ بیستانەکی چاندی ب داڕێن فیقێ بێن جیاواز وەک داڕێن هنارا ژمارا وان نیزیکی ٤٠٠ چار سەد دارا و داڕێن سپیندار ژمارا وان نیزیکی ٣٠ سیەھ دارا و داڕێن ترێ ژمارا وان نیزیکی (٥ پێنج دارا) و داڕێن هێژیرا ژمارا وان (٣ سێ دارا) و دارا گیزا ژمارا وان (٣ سێ دارا) و سێ خانیی بێن نیشتەنی ل سەر ڤی ئاقاری هاتینە دروستکرن ب شێوازێ روژهەلاتی و ئاڤاهی کەڤنە و هەرسێ خانی هاتینە دروستکرن ژ بلوک و چیمەنتوویێ بنمیج کریە ب ستوونێن داری حێسیلا.
- خانی یێ ئێکی پێک دێت ژ ژوورەکا نڤستنێ و هول و سەرشوور و لێنانگەهـ و پاشکوییێن وێ و (محمد حامد محمد) تێدا نیشتەجێ یە دگەل ئەندامێن خێزانا وی بێ کرێ.
- خانی یێ دووی پێک دێت ژ ژوورەکا نڤستنێ و هول و سەرشوور و لێنانگەهـ و پاشکوییێن وێ و (احمد حامد محمد) تێدا نیشتەجێ یە دگەل ئەندامێن خێزانا وی بێ کرێ.
- خانی یێ سێ پێک دێت ژ ژوورەکا نڤستنێ و هول و سەرشوور و لێنانگەهـ و پاشکوییێن وێ و (جاسم حامد محمد) تێدا نیشتەجێ یە دگەل ئەندامێن خێزانا وی بێ کرێ.
ژوورەک ب دروستکەرێ نی و دناڤەراستا ڤی ئاقاری دا هاتیە دروستکرن ژ بلوک و چیمەنتوو بنمیج کریە ب جینکو و داری.
* * *

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

Request for Proposal (RFP)

Rehabilitation of Irrigation Channels in Yathrib District of Salah Al-Din Governorate

1. Requirement:
The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Iraq invites qualified suppliers and manufacturers to make a firm offer for the Rehabilitation of irrigation channels in Yathrib district of Salah Al-Din governorate

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents Available at the UNGM Link below
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/217	Rehabilitation of irrigation channels in Yathrib district of Salah Al-Din governorate	https://www.ungm.org/UNUser/Notice/90810 The RFP Documents can also be requested by sending an email to irqbasup@unhcr.org. Please insert HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/217 in the subject heading

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq)	ACTION REQUIRED
20 May 2019	Issuance of the tender notice
2 June 2019	Closing date for clarifications
19 June 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Deadline to submit your complete offer for this RFP

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

صيانة قنوات الري في قاطع يثرب – محافظة صلاح الدين

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لصيانة قنوات الري في قاطع يثرب - محافظة صلاح الدين

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/217	صيانة قنوات الري في قاطع يثرب – محافظة صلاح الدين	https://www.ungm.org/UNUser/Notice/90810 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/217

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	2 حزيران 2019 الساعة 23:59 توقيت بغداد
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	19 حزيران 2019 الساعة 23:59

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٨٨٧٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (DESTIN) بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (DESTIN) بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٤/٢٩) کە تۆمارە لە ژێر ژمارە (٢٣٨١١) لە رێکەوتی ٢٠١٧/٢/٦ بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (GABRIELE SPILIMBERGO تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بروا هژار محمد طاهر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/١٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٧٢٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (الواح) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (DESTIN) بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار) بریاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای داوە، بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاكتاوكار بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرماركێتی ماجستی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر/بەوەكالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكە ینەوە كۆمپانیای (Kayalar) بۆ بەكرێدان و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بریاری گۆرینی ناوی كۆمپانیای داوە لە كۆمپانیای (Kayalar) بۆ كۆمپانیا (جیهان) بۆیە هەر كەسێك نارەزایی یان هەر مافێكی لە سەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی كۆمپانیان بكاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٣٠ م – بەرامبەر سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران) بۆ یەك لایكردنەوەی كێشەكان

اراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی كۆمپانیاكان / بە وكالەت

Action Against Hunger
Mission Iraq

ADVERTISEMENT

TENDER Call FOR Supply of drip irrigation system, and extension materials In Ninawa – Sinjar /Sinuni <IQ-CO-PD-022- ------->

تەندەر بۆ دابینكردن گە ل وپە لی بۆ چاككردنەوەی سیستەمی ئاودانی كشتوكالی و درێژكردنی هەندێك سیستەمی تر لەگەل كەلوپەلەكان لە موسل (سنجار–سنونی)ژ: **<IQ-CO-PD-022- -------->**

Action Against Hunger or "ACF" is a registered charity, founded in 1979. ACF operates in 37 countries. The international network of ACF is represented in Paris, London, Madrid, New York and Montreal. Teams in the field combat hunger on four fronts: nutrition, food security, health, water and sanitation.

رێكخراوی كار لە دژی برسێتی (ACF) خێرخوزازە تۆمارکراوە و دامەزراوە لە سالّی 1979 ، وە رێكخراوەكە لە37 وولات كاردەكات. تۆری نێودەوڵەتی رێكخراوەكە لە پاریس و لەندەن و مەدرید و نیویۆرک ، مۆنتریال نوێنەرایەتی دەكرێت . وە تیمەكانی كێڵگەی ڕووبەرووی برسێتی دەبن لە میانی چوار شێوە كاركردن ئەمانەش بریتین لە: خۆراک پێدان و دلنیاكردنی خۆراک و پاراستنی تەندروستی و ئاو.

Action Against Hunger-Iraq Mission intends to award a Framework Agreement for the following market:

رێكخراوی كار لە دژی برسێتی (ACF) لە عیراق بەتەمای بەخشینی پێكهاتەی رێكەوتنە

- **IQ-CO-PD-022- ---- (Supply of drip irrigation system, and extension materials) in the Area of Ninawa Governorate (Sinjar -Sinuni)**

بۆ دابینكردنی گە ل وپە لی بۆ چاككردنەوەی سیستەمی ئاودانی كشتوكالی و درێژكردنی هەندێك سیستەمی تر لەگەل كەلوپەلەكان ژ: ----- -IQ-CO-PD-022الەم جهی لە باریزگای مووسل(سنجار –سنونی)

Interested parties can obtain bidding documents from acftender@iq-actionagainsthunger.org with clearly mentioning above tender number in the subject.

لایەنە ئارەزوومەندەكان دەتوانن بەڵگەكانی داواكردن لەم ئیمێڵە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org وە ژمارەی داواكردنی سەرەوە بەڕوونی بنووسن.

Or at the below address to receive tender documents:

Erbil – Hediab District, Villa 240/1/664b, Plot232/3 Section 5, Ankawa, Erbil
Dohuk- Amad Street, Shoresh Quarter
Mosul – Contact email for Address : acftender@iq-actionagainsthunger.org
Between 8:30 am-4 pm (Iraq time).

یان لەم ناونیشانەی خوارەوە بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەكان:

هەولێر: گەرەكی حدیاب ، ژ. خانوو 664/1/240 ب / ژ. زەوی 2/332/ كەرتی 5 ، عەنكاوە ، هەولێر

دهۆک: جادەی ئامادە ، گەرەكی شۆرش

مووسل: لەم ئیمێڵە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org ،

لە كاتژمێر 8:30 ی بەیانی تا 4ی ئێوارە

Interested companies should submit their offer in one Seal Envelope, the Envelope should be a sealed non-identifiable envelope, with the words "not to be opened before the tender opening session" written in English. Submission of tender will be by either Hand or any mail service**. No Email submission will be accepted.**

كۆمپانیای ئارەزوومەندەكان دەتوانن عەرزەكەیان بە یەک زەرفی مۆركراو پێشكەش بكەن. دەبی زەرفی مۆركراو نەناسراو بێت لەگەلڕ ووشەی " نابیّ بكرێتەوە پێش رۆژی كردنەوەی تەندەرەكان" وە بەئینگلیزی نووسرابێت. . تەندەرەكە دەبیّ یا بە دەستی پێشكەش بكرێت وەیا خود بە ناردنی پۆستەوە ، هەر تەندەرێک بە بئیمێڵەوە بنێردرێت قەبوولڕ نیە

Action Against Hunger does not bind itself to award the tender to the lowest tender or any bid and reserves the right to accept the whole or part of the tender.

رێكخراوی كار لە دژی برسێتی (ACF) خۆی نابەستێت بە بەخشینی تەندەر بە كەمترین تەندەر و پێشكەش كردن بەلاّم مافی قەبوولڕ كردنی تەواو یا بەشێک لە تەندەرەكەی هەیە.

The deadline for submission of tenders is **June 20th at 4pm (Iraq time)**.

دوا مۆلەتی پێشكەش كردنی ئەم تەندەرە لە 20ی حزیران 2019 یە، لە كاتژمێر 4 ی ئێوارە (بەكاتی عیراقی).

ADVERTISEMENT Page 1 / 1

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	Emergency Response Assistant
Direct Supervisor	E&P HSE Team Leader
Department	Drilling
Contract Type	Consultant
Job Location	Sulaymaniyah – Kurdistan Region
Document Ref: ERA/D/May/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Provides the support necessary to maintain the E&P emergency response facility and assists with managing emergency response efforts. Reports to the E&P HSE Team Leader.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS

1. Be available and on standby 24/7 to assist the Suly based Emergency Response Team as directed by the E&P HSE Team Leader.
2. Provide administrative support during actual response and asssit with emergency response drills as needed.
3. Ensure emergency response facility location is fully functional.
4. Interface with Crescent Petroleum office management team to report and address any buidling maintenance issues.
5. Maintain and update list of contacts for emergency response purposes.
6. Conduct regular/daily checks of all ER communications (IP Phones, SAT Comms, Wi-Fi) and work with relevant support services to address issues immediately.
7. Assist the HSE team in maintaining all required documentation at the emergency response facility.
8. Assist in updating emergency response plans as required.
9. Other tasks/duties as assigned by the line manager.

Communication and Reporting

10. Reports to the E&P HSE Team Leader on work responsibilities.
11. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position

12. Develops own professinal expertise through optimising on-the-job learning opportunities.

Crescent Petroleum

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

- Strong communication skills: Kurdish and English
- Very good computer skills: MS suite of applications: Word, Excel, etc.
- Excellent organizational skills
- High attention to details and ability to function and deliver under pressure in a fast-paced environment/situation.

Minimum Professional Experience Required

Minimum of 5 years' work experience in administration or office coordination/management. Exposure to oil and gas industry or other heavy industry is desirable but not mandatory.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 30 May 2019

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Emergency Response Assistant: Ref: ERA/D/May/19)

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/5/21 ژمارە (5754)
خەبات



سابیر حوسێن

ئەمریکا و حەتمیەتی پێکدادان لەگەل ئێران هەموو ئەگەرەکانی شەر لە دوای ئەو هێرشەی کرایە سەر کەشتییەکانی سعودیە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە دڕکی پێدەکرێ ئەوەیە کە سەنجام چارەنوسی ڕژێمی ئێرانیش هەمان چارەنوسی سەدام و قەزافی دەبێت، ئەمە قسەی بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرو سیاسییەکانی وڵاتانی کەنداوە، چونکە ئەم واقیعە حەتمیەتی مێژویی هەموو ڕژێمێکی سەرکوت کەرە. ئەوەندە هێزەی لەبەر دەستیشی ماوە لە کاری شەرانگێزی بەکاری دەهێنێ و سەرەنجام کۆتایی دێ.

ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزی ئەمریکی: بەغدا هۆشداری دایە گرووپە چەکدارەکان

وەک هۆشداریەکی پێشوەختە ئەمریکا لە ڕێگەی بەغداوە ئاگاداری دایە گروپە چەکدارە شیعەیەکانی نزیک لە ئەجیندا‌کانی ئێران، تاوەکو گێچەڵ بە ئەمریکا نەکەن. بەرپرسانی عێراق زۆر لەوە نیگەرانن کە شەڕێکی دیکە لە لێواری قەماندنە لەسەر خاکی ئەوان. ماوەی چەند ڕۆژێکە کۆبوونەوەی چڕو پڕ لەگەڵ گرووپە چەکدارە شیعییەکان لە ئارادایە بەوەی هەر هێرشێکی دژ بەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکە، حکومەتی عێراق لێ بەرپرسیار نابێ بەلکو ئەو گروپانە سزاکەی دەدەنەوە کە لەژێر هەژموونی ئێران بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەنە ئامانج، ئەو خاڵەش بە ئاشکرا دووپاتکراوەتەوە کە ئەمریکا بەرژەوەندی هەیە لەسەر خاکی عێراق و ئەرکی حکومەتی عێراقیش ئەوەیە ئەو بەرژەوەندیانە بەپێ ریکەوتن بپارێزێت.

خەیاڵی بێ لایەنی عێراق لە نێوان تەهران و واشنتۆن

هەرەشەکانی نێوان ئەمریکاو ئێران لەپەرەسەندند دایە. زمانی هەرەشەکانی ئەمجارەش لە هی ساڵانی پێشوو جیاوازترە. تەهرانیش دانی بەوە داناوە کە سیاسەتی ترامپ لە باراک ئۆباماو ئەوانی تر جیاوازترە. لەو نێوەندەشدا عێراق کەوتۆتە ئیحراجی سیاسییەوە، لەلایەک بەغدا کەوتۆتە ژێر هەژموونی ئەجیندای ئێرانەوە، لەولاشەوە لە بەرژەوەندی عێراق نییە کە نەچێتە ژێر باری ئەو سزایانەی واشنتۆن بەسەر تەهرانی سەپاندووە. بەگشتی ئەو جموجۆلە دبلۆماسی و لێدان و سزایانەی ئەمریکا لەم ماوەیەدا لەبەرامبەر ئێران پەیرەوی دەکات ئامانجەکی ڕوونە لەوەی ئەمریکا سیاسەتێکی جیاواز لە جاران لە ناوچەکە پەیرەو دەکات. واتە سیاسەتی ترامپ جیاوازترە لەوەی ئۆباما، کە بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لەو سیاسەتە وەک ڕوونە سەرکوت کردنی ستراتیژیەتی کاولکاری ئێرانە لە ناوچەکە.

سیاسەتی پەیرەوکراوی ترامپ لە دژی ئێران

سەرباری زیاترکردنی گوشارەکانی سەر ئێران، بەڵام ڕوونە ئیدارەی ئەمریکی وەک چۆن پلانێکی بۆ دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام نەبوو لە ساڵی 2003، ئەوە بوو فەوزاو کوشتاری لێ کەوتەوە، بەهەمان شێوە پلانێکی دیاری نەکردووە بۆ دوای نەمانی ڕژێمی ئێران. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەو کات لە عێراق جۆن بۆڵتن ئەندازیاری شەڕی دژ بە عێراق بوو، ئێستاش هەمان سیناریۆ لە ئارادایە و هەر جۆن بۆڵتن ئەندازیاری ئاراستە کردنی ترامپە لەدژی دۆسیەی ئێران.

پلانی سەربازی ئێران و ئەمریکا

لەڕووی تەکتیکی سەربازیەوە قسە زۆر لەسەر پلانی سەربازی ئێران و ئەمریکا دەکرێ، بەڵام بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە کایەی سەربازییان بەتەواوەتی لەیەکتر جیاوازن، هەر یەک لەو دوو وڵاتە خاوەن دەزگای ئەمنی و سەربازی خۆیانن، مەترسی گەورەی قوربانیەکانی لەو جیاوازیە بەرجەستە دەبێت. ڕۆژنامەی تایمیزی بریتانی لە ڕاپۆرتێکی دا پێ وایە کە ئەمریکا بروای بە هێزی تێکشاندنی خێرا هەیە، کەچی ئێران پلان و نەخشەی سەربازی جیاوازتری هەیە، لە هەموو حالەتێکیشدا جیاوازیەکان قوربانی زیاتری لێ دەکەوێتەوە نەوەک وێکچووەکان.

ئەمریکا نایەوێ شەر لەگەل ئێران بکات

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی شیکاری ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمیزی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لەئەرزی واقیع ئەمریکا نایەوێ شەر لەگەل ئێران بکات. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە دۆنالد ترامپ پاتریک شاتهانی ڕایکەری کاروبارەکانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکای ئاگادار کردۆتەوە، کە ئیدارەی حکومەتەکەی نایەوێ شەر لەگەل ئێران بکات. ئەم لێدوانەی سەرۆکی ئەمریکیش لە کاتێکدایە کە واشنتۆن هێشتا لە زمانی هەرەشەکردن لە تەهران پاشگەز نەبۆتەوە و بگرە بەهێنانی کەشتی ئەبراهام لینکۆڵن توندتری کردووە.

ئێران .... کۆتایی خەون

ئەگەرەکانی شەڕی نێوان تەهران و واشنتۆن زۆر نزیکە، ئەگەرچی ئێران بە چەندین ساڵ بەر لە ئەمرۆ دەستی بەشەرەکە کردوەو سوریاو عێراق و یەمەن و لوبنان نمونەی زیندوون. شەرەکە مالوێرانی دەبێت بۆ ئێران، بەجۆرێک کاولکاری هەموو ئێران دەگرێتەوە، وەک چاودێرانیش ئاماژەی بۆ دەکەن کە ئەم کۆتاییە هەمان ئەو ئاواتەیە کە خامەنەئی نەخشەی بۆ کێشاوە، چونکە هەمیشە ئێران وەکو زوڵم لێکراو نیشان دراوە کە هەموو جیهان دوژمنیەتی.

ئالای وڵاتان

ئێرلەندا

بۆ یەکەم جار ئەم ئالایە لە کاتی ململانێکردن لە پێناوی جیابوونەوە لە بەریتانیا بەکار هێنرا و دوای سەربەخۆبیش کرا بە ئالای نیشتمان . ڕەنگی پرتەقالی ئاماژەیە بۆ شوێنکەوتوانی مەزهەبی پرۆتستانتی ، هەروەها ڕەنگی تایبەتی خانەوادەی ئۆرانجنساوە ، ڕەنگی سەوزیش ئاماژەیە بۆ ڕۆمە کاسۆلیکەکان ، ڕەنگی سپیش ئاماژەیە بۆ ئاشتی ئێرلەندا ، هەروەها ئەو ئاشتیەی کە لە نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان بەرقەراوە .



مانشێت



سکای نیوز:
دوای ئەوەی کاتیۆشایەک ئاراستەی دەوروبەری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا کرا، سەرۆکی ئەمەریکا هەڕەشەی توندی ئاراستەی ئێران کرد .



ئەی ئێف پی:
ژمارەیەک چەکدار هەڵیانکوتایە سەر یانەیەکی شەوانە لە باکوری بەرازیل و 11 کەسیان کوشت .



کەنالی ئار تی:
لە هیند دوایین خولی هەڵبژاردن دەستی پێکرد و 6 هەفتە دەخایەنێ .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
کۆریای باکور داوای لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد هەوڵی گێڕانەوەی ئەو کەشتیە بدات کە هەفتەیەک لەمەوبەر لەلایەن ئەمەریکاوە دەستی بەسەرداگیراوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرکردەی وڵاتانی ئەوروپا دوایان لە جەماوەری وڵاتانیان کرد دژی پارت و لایەنە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان بوەستن .



بی بی سی:
تیریزا مای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕازی بوو بە دانانی خشتەیەک بۆ دەستلەکارکێشانەوەی دوای ئەنجامدانی دوایین دەنگدان سەبارەت بە بریکزت لەلایەن پەرلەمانی وڵاتەکەی .

www.xebat.net
ژمارە (5754) 2019/5/21 سێ شەممە
خەبات

20 ئایار رۆژی جیهانی هەنگ



بە دریژایی چەندین سەدە مرۆڤ و رووک و گوێ زەوی سوودیان لە هەنگ وەرگرتووە. بەڵام ئایا دەزانی کە تەنها هەنگ بەرپرسیار نییە لە پاراستنی ژیان لەسەر گۆی زەویدا بە گوازتنەوەی دەنکە هەاڵڵە لە گوڵیکەوە بۆ گوڵێکی دیکە ئەو کرداڕە هەر یەک لە هەنگ و پەپوڵە وباڵندە و شەمشەمەکوێرە و زۆری دیکە وەک پێتێنەر ئەنجامی دەدەن بۆ باشکردن و زیادکردنی خۆراک و بەشداریکردن لە چەسپاندنی ئاسایشی خۆراک. لە هەمانکاتدا پێتاندن بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژینگەدا هەیە، هاوکار دەبێت لە پاراستنی جۆراوجۆری بایۆلۆجی و سیستەمی ئایکۆلۆجی کە ژیانبەخشە و کشتوکاڵکردن پشتی پێ دەبەستێت.

دەستنیشانکردنی 20 ئایار وەک رۆژی جیهانی هەنگ ئەو مێژووە بۆ ئەو رۆژە دەگەڕێتەوە کە (ئەنتۆن چانسا)ی پێشەنگی پەروەردەکردنی هەنگی سەردەم لە دایک بووە. چانسا لە خێزانێکی بەناوبانگ بە پەروەردەکردنی هەنگ لە سلۆڤینیا لە دایکبووە کە لەم وڵاتە پەروەردەکردنی هەنگ بە چاالکییەکی کشتوکاڵی گرنگ دادەندرێت و دابونەریتێکی لەمێژینەی ئەم وڵاتەیە.

بە پێشنیاری کۆماری سلۆڤینیا و بە پشتگیری لە دەزگای Apimondiaو یەکێتی نێودەوڵەتی تۆڕەکانی هەنگەوانان و ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهانی ڕۆژی 20ئایار / مایۆ لە هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی هەنگی جیهانی داندرا و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2017ڕەزامەندی لەسەر دا.

ئامانجی ڕۆژی هەنگی جیهانی تیشک خستنە سەر پێتێنەرەکانە بۆ باشکردنی بارودۆخی مانەوەیان بۆ ئەوەی هەنگ و پێتێنەرەکانی دیکە گەشە بکەن.

ئێستا لە کوردستانیش پەروەردەکردنی هەنگ وەک پیشەیەک بژێوی ژیانی کەسانێکی زۆر دابین دەکات بەو هیوایەی ئەو ڕۆژە گرنگی پێبدرێت و هەنگ تەنها وەک بەرهەمهێنی هەنگوین سەیر نەکرێت بەڵکو وەک پێتێنەرێکی سروشتیی کە هۆکارە بۆ باشکردن و زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

هاوردەکردنی چەند بەروبوومێکی کشتوکاڵی قەدەخەکرا

وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە ڕاگەیاندراوێکدا هاوردەکردنی ژمارەیەک بەروبوومی کشتوکاڵی قەدەخەکرد بەهۆی دەستەبەربوونی ئەو بەروبوومانە لە ڕێگای بەرهەمی ناوخۆوە ئەوەش وەک پاڵپشتیەک بۆ بەرهەمی ناوخۆ و بە پشتیەستن بە ڕۆژنامەی کشتوکاڵی کە تێدا کاتی پێگەیشتنی بەرهەمە ناوخۆیەکان دیار کراوە.

لە بەیاننامەکەی وەزارەتی کشتوکاڵدا لیستی ئەو بەروبوومانەی هاوردەکردنیان قەدەخەکراوە باڵوکراوەتەوە کە بریتین لە (تەماتە و خەیار و پەتاتە و باینجان و کەلەڕەم و قەرنابیت و گێزەر و کاهو و شووتی و کاڵەک و پیاز سەوز و کودی و گەنمەشامی). لە بەیاننامەکەی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقدا هاتووە کە دوای کۆتایی هاتنی وەرزی بەرهەمهێنانی ناوخۆ دووبارە ڕێگا بەو بەروبومە کشتوکاڵییانە دەدرێت کە لە لیستی یاسای کەرەنتینەی کشتوکاڵی هاتبوو هاوردەبکرێتەوە. لە کۆتایی بەیاننامەکەدا دوا لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان کراوە کە چاودێری توند بخرێتە سەر ئەو بەروبوومانە بۆ ئەوەی ڕێگا بە هاوردەکردنیان نەدرێت.

7 سوودی خواردنەوەی ئاوی لیمۆ لە بەربانگدا



خواردنەوەی گیراوەی لیمۆ و ئاو لەسەر گەدەیەکی بەتاڵدا سوودی تەندروستیی زۆری هەیە بۆیە شارەزایانی بواری خۆراک و کەسە بەناوبانگەکان ڕێنوێنی خواردنەوەی دەکەن لە کاتی بەربانگدا.

بەهۆی ئەوەی لیمۆ بڕێکی زۆر لە ڤیتامین C و پۆتاس و ڕیشاڵ و کالیسیۆم و ڤیتامین B6 و ئاسن و مەگنیسیۆمی تێدایە ئەوەش باشترین خواردنەوەیە کە کەسی ڕۆژووان بەربانگی پێبکات بە مەرجێک تێکەڵ کردنی لەگەڵ ئاو و بڕێکی کەم لە هەنگوینی سپی بۆ وەرگرتنی تامێکی خۆشتر و نەهێشتنی زیانەکانی بۆ گەدەی هەستیار.

ئەوەش 7 سوودی گیراوەی ئاو و لیمۆیە وەک ئەوەی لە ماڵپەڕی "بۆڵد سکای" هاتووە:

یەکەم: ڕێگرە لە دروستبوونی بەردی گورچیلە، لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە بەردەوامبوون لەسەر خواردنەوەی ئاوی لیمۆ ڕێگری لە دروستبوونی بەرد لە گورچیلە دەکات لە هەمانکاتدا کاردەکات بۆ ساردبۆونی بەهۆی هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە سیتراتی پۆتاسی سروشتی تێدا کە ناهێڵێت کالیسیۆم لەگەڵ ئاوێتەکانی دیکە یەکبگرێت بۆ دروستکردنی بەردی گورچیلە، لە هەمانکاتدا کار دەکات بۆ شکاندنی بەردە بچووکەکان بۆ ئەوەی بەردی گەورەتر دروستنەکەن.

دووەم: بەهێزکردنی بەرگری، ئاوی لیمۆ دژە ئۆکسایین وەک ڤیتامین C تێدایە کە خانەکان لە تێکچوون دەپارێزن، لە هەمانکاتدا ئاوێتەکانی فلافۆنۆید کە لە لیمۆ دا هەیە کاردەکات بۆ باشکردنی سووڕی خوێن و کەمکردنەوەی هەستکردن بە ماندیبوون.

سێیەم: کەمکردنەوەی کێش، لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن خواردنەوەی ئاوی لیمۆ لەسەر گەدەی بەتاڵ هەستی تێری دەبەخشێت و هەرسکردن و سووتاندن چالاکدەکات بەوەش کێش دادەبەزێت.

چوارەم: کرداری هەرس باشدەکات، خواردنەوەی ئاوی لیمۆی گەرم لە کاتی بەربانگدا کۆئەندامی هەرس چوستتر دەکات بەوەش کرداری هەرسکردن ئاسان دەبێت و ڕێگری دەکات لە کەلەکەبوونی ژەهرەکان ، هەروەها ئاوی لیمۆ وەک ڕەوانکەرێکی سروشتیی کار دەکات و ڕێگری لە قەبزی دەگرێت.

پێنجەم: باشکردنی تەندروستیی دەم، ترشی "ئەسکۆربیک" کە لە ئاوی لیمۆدا هەیە بەسوودە بۆ پاراستنی تەندروستی دەم، لە هەمانکاتدا هاندەرە بۆ دەردانی لیک بەوەش ناهێڵێت دەم وشکبێت کە هۆکاری سەرەکییە بۆ بۆنی ناخۆشیی دەم.

شەشەم: وزە بە جەستە دەبەخشێت، لیمۆ بڕێکی باش لە پۆتاسیی تێدایە کە پێویستە بۆ کارکردنی خانەکان و ئالوگۆڕی خۆراک، بەوەش جەستە چالاکدەکات و وزەی پێویستی پێ دەبەخشێت، لە هەمانکاتدا شێوەی کارکردنی نێوان ماسولکە و دەمارەکان ڕێکدەخات.

حەوتەم: دروستی قژ و ڕوخسار دەپارێزێت، ئەو ڤیتامین Cی لە ئاوی لیمۆدا هەیە دروستیی قژ و ڕوخسار باشتر دەکات. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن خواردنی لیمۆ لۆچی ڕوخسار دوادەخات لە هەمانکاتدا بەرەنگاری ڕەگە نازادەکان دەبێت کە هۆکارە بۆ تۆشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە، هەروەها ڤیتامین Cبەشداری لە بەرهەمهێنانی "کۆلاجین" دەکات کە هاوکارە لە دروستبوونی شانەکانی ژێر پێست، جگە لە سوودی لە هاوکاری کردن لە مژینی ئاسن بە شێوەیەکی باشتر ئەوەش بەسوودە بۆ قژ.

سەبارەت بە سوتانەوەی گەدە کە هەندێک کەس بەهۆی خواردنەوەی ئاوی لیمۆ دووچاری دێن بە باش دەزانرێت پێشوەختە تاقیبکرێتەوە پاشان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئاوی لیمۆ بخورێتەوە.

بڕی ئاوی پێویست بۆ ڕۆژووبووان



لە مانگی ڕەمەزان لە دوای بەربانگدا پێویستیمان بە ئاو هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو بڕە ئاوەی کە بە دریژایی ڕۆژدا ونمانکردووە، بەاڵم ئەو بڕە ئاوە چەندە کە پێویستمان پێی هەیە؟.

بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە ماڵپەڕی (CNN) باڵوکراوەتەوە دەردەکەوێت کە ئاو بە دووەم پێویستی خۆراکی بۆ ژیانی مرۆڤ دێت لە دوای هەوا دا و بە شێوەیەکی گشتی پیاو لە ڕۆژێکدا پێویستی بە 3.7 لیتر ئاو هەیە، بەاڵم ئافرەت لە ڕۆژێکدا پێویستی بە 2.7 لیتر ئاو هەیە. ئەو بڕەش دەگۆڕێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بە گوێرەی ئەو چالاکییە ڕۆژانەیەی ئەنجامی دەدات وەک کارکردن یان وەرزشکردن یان پلەی گەرمی ئەو شوێنەی ژیانی تێدا بەسەر دەبات. مرۆڤ نزیکەی 80 لەسەدای پێداویستیەکانی ئاوی لە شلەمەنی دەستەبەر دەکات و ڕێژەکەی دیکە لە خۆراکەوە دەستی دەکەوێت. بە بەرزبوونەوەی کێش پێداویستی ئاوی مرۆڤ زیاتر دەبێت. لە مانگی ڕەمەزاندا پێویستە قەرەبووی ئەو بڕە ئاوە بکەینەوە کە لە کاتژمێرەکانی ڕۆژدا ونیی دەکەین ئەوەش بە خواردنەوەی ئاو بە شێوەیەکی کەم و بەردەوام دوای بەربانگ بۆ ئەوەی جەستە سوودی لێ ببینێت. ڕاپۆرتەکە دەریدەخات پلەی گەرمی ئاوەکە کاریگەری لەسەر کرداری هەرسکردن نابێت و بە ئارەزووی خۆت ئاوی سارد یان گەرم بخۆرە تەنها ئەوەی گرنگە بیخۆیەوە.



لە کوردستاندا بەهۆیی باران بارینی زۆر بەرهەمی پەتاتە لەژێر هەڕەشەی کەمبوون دایە



خەبات – ساسان دەروێش

لەچەند ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان خاوەنی ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لە پێداویستی خەڵک و بازاڕ بوو لە بەرهەمهێنان و چاندنی پەتاتەی خۆماڵی لە ناوچەکەدا، کە بیر لەوە دەکرایەوە ئەو ڕێژە زۆرە هەناردەی دەرەوە بکرێ کە ساڵانە ڕێژەکە لە بەرزبوونەوە دابووە بەهۆیی ئەو بنەتۆو پەتاتەیەی کە لە ئەوروپاوە لە ڕێگای کۆمپانیا کوردستانییەکانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرا، بەاڵم ئەم ساڵ بەهۆی گۆڕینی کەش و هەوا لە جیهاندا و زۆری باران بارین لە دەڤەرەکانی قەزایی شێخان و بەردەڕەش کە ناوچەیەکی بە پیتی خاکە لە باشووری کوردستان لە بەدەستهێنانی پەتاتە. ئەم ساڵ جوتیارەکانی ناوچەکە تووشی گرفت هاتوون وە زەردەمەند دەبن بەو هۆکارەوە. بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم پرسە (مەڕوان عومەر خورشید) وەک جوتیارێکی نمونەیی ساڵانێکی زۆرە لەو ناوچانە کە خۆیی و خانەوادەکەی خەریکی چاندن و بەرهەمهێنان پەتاتەن لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کۆمپانیاشە بۆ هێنانی بنەتۆوی پەتاتە لە ئەوروپاوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ خەبات دوا:

بەرهەمی پەتاتەی خۆماڵی کەوتە ژێر هەڕەشەی کەم بوونەوە

سەرەتا مەڕوان عومەر گوتی :- من بۆ خۆم و خانەوادەکەم ساڵانێکی زۆرە لە نێو زەوییەکانی خۆمان سەرقاڵی چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتەین و ئەزمونێکی باشمان هەیە لەم بارەیەوە کە لە باوکمانەوە بۆمان ماوەتەوە لە یەک هەنگاوەوە دەستمانپێکرد بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان کە لە ئێستادا لە ئاستێکی زۆر باشدایە و هەنگاوی ئەوەمان ناوە کە لە زیادەی خۆمان بنێرینە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و کارگەی زیاتر بنیات بنرێ بۆ بەرهەمەکەمان لە کوردستاندا، بە داخەوە ئەم ساڵ بە هۆی گۆڕینی کەش و هەوا و باران بارینی زۆر بەرهەمی پەتاتەی خۆماڵی کەوتە ژێر هەڕەشەی کەمبوونەوە لەو ڕێژەیەی کە هەمان بوو لە هەرێمی کوردستاندا.

پاشان هاتە سەرباسکردنی ئەو خەم وترسەی کە هەیانە گوتی: ساڵانە لە سەرەتای مانگی شوبات ئێمەو جوتیارانی ناوچەکەمان دەستمان کرد بە کێڵان و چاندن لە کۆتایی مانگی نیسان بەرهەمەکەمان هەڵدەگرتەوە و دەنارد بازاڕەکان، بەاڵم ئەم ساڵ ئەوەی لەم کات و ساتەدا کردی توشی زەردەمەندی بوون بەرهەمەکەیان لە نێو خاکدا گەنی و خراپ بوو، هەر وەها ئەوانەی بنەتۆویان کڕی بوو و نەیانچاندبوو بە هۆی نەبوونی دانانیان لە ساردەکەردوو ئەوە توشیی زیانی گەورە هاتن، ئەوەی جێگای دڵخۆشیە کە لە ڕێگای کۆمپانیای (کەی ئێچ) بنەتۆویەکانی بۆ جوتیاران لە ساردکەردەوەی تایبەتدا هەڵگرت بۆ ئەم سات و کاتە کە خەریکی چاندنین ڕەنگە جوتیاران کەم تووشی زەردەر بن، من بۆ خۆم جگە لە هێنانی بنەتۆوی باشی دەردجە یەک و هێنانی بۆ کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا چەند بنچێکی نوێم بۆ تاقیکردنەوە لە فەرەنسا و هۆڵەندا هێناوەتە هەرێم و چاندووماندە، پێشبینی ئەوەیان لێدەکەم باش و سەرکەوتوو بن بۆ ئایندەی جوتیاران.

لە کۆتایشدا مەڕوان عومەر بۆ دانەبەزینی ڕێژەی پەتاتەی خۆماڵی و دوورنەکەوتنەوەی جوتیاران لەم کارەیان گوتی : بۆ بەهێنانە دی کوردستانێکی بەهێز و هەنگاوەکانمان دەبێت ئێمەی جوتیاران هەوڵی زیاتر بدەین بۆ زیاتر بوژاندنەوەی کشتوکاڵ کە یەکێکە لە کۆڵکە هەرە گرنگەکانی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواداچوون بکات بۆ قەرەبووکردنەوەی جوتیاران پاڵپشتی کردنیان کە لەرابردوودا کردویانەو سەرکەوتووش بوون تێیدا کە لە ساڵی 2008تا 2012 بێ بەرامبەر بنەتۆویی دەدایە جوتیاران و پاشان لە 2013 تا 2018 بۆ هەر تۆنێک تۆوی پەتاتە 350 هەزار دیناری عیراقی دەبەخشیە جوتیاران بەمەش ڕێژەی پەتاتەیی خۆماڵی ساڵ بە ساڵ لە بەرزبوونەوەدا بوو بۆ چاندنی ئێستاش کە لە ماوەیەکی تر بەرهەم دێت داوا دەکەین حکومەتی هەرێم دەرگای سنورەکانی دابخات بۆ ئەوەی زیاتر تووشی گرفت و زەردر نەبین لە هاتنی پەتاتەی هاوردە بۆ نێو هەرێم و ئەوەی خۆماڵیش پارە نەکات و زیاتر جوتیاران دڵشکاو بن و دووبرەکەونەوە لە زەویەکانیان بەمەش تەنها ئەوان باجەکەی نادەن بەڵکو حکومەت و هاوڵاتیانیش زەردر مەند دەبن لە وڵاتێکی بێ کشتوکاڵ و بەرهەم.

www.xebat.net
ژمارە (5754) 2019/5/21 ڕۆژی شەممە
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

زێدان نەیهێشت ڕێورەسمی ماڵئاوایی لە گاریس بێل بکرێت



یانەی ریال مەدرید نەیتوانی دوا گەڕی لالیگا بەبردنەوەیەکی شەرەفمەندانە بەڕێ بکات و بەرامبەر ریال بیتس بە ئەنجامی 2-0 گۆڵ یاریەکەی دۆڕاند.
زێدان ڕاهێنەری ریال مەدرید بە ئەنقەست نەیویست ڕێورەسمی ماڵئاوایی بۆ گاریس بێلی یاریزانی ویلزی لە دوایاریدا بۆی ئەنجام بدرێت، چونکە بە دڕێژایی ئەو یاریە گاریس بێل لەسەر کورسی یەدەگی ریال دانیشتبوو، لەکاتێکدا هەمووان چاوەڕوانی ئەوەبوون دوا ساتەکانی مانەوەی ئەو یاریزانە لە ناو سانتیاگۆ بێرنابیۆ ببینن و ماڵئاوایی لێب بکەن، بەڵام زیدان ئەو دەرفەتەی پێنەدا، لەجیاتی ئەو دەرفەتی دایە کیلۆر ناڤاسی گۆڵچی کە لە دوا یاریدا جەماوەر بە چەپڵە ماڵئاوایی لێکرد، کاتێکیش یاریەکە تەواو بوو گاریس بێل چووە دەرەوەی یاریگا و بێ ئەوەی ماڵئاوایی لە جەماوەری سانتیاگۆ بێرنابیۆ بکات.

ڕۆنالدۆ بە باشترین یاریزان لە خولی ئیتاڵیا دەستنیشان کرا

یاریزانی پورتوگالی، کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، هێرشبەری یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی، خەڵاتی باشترین یاریزانی لە خولی ئیتاڵیا پێدرا، لەیەکەم وەرزی لە کالچیۆدا. رابیتەی خولی ئیتاڵیا، خەڵاتەکانی وەرزی ئێستای ڕاگەیاند، کە ڕۆنالدۆ بە باشترین یاریزان لە خولەکە دەستنیشان کرا، دوای ئەوەی ڕۆڵی لەوە هەبوو، یۆڤی نازناوی سکۆدیتۆ بەدەست بێنێت. لەو وەرزەدا، دۆن توانی 22 گۆڵ تۆمار بکات و 11گۆڵیش بۆ هاوتیپەکانی دروست بکات. خەڵاتەکانی دیکەش بەم شێوەیە بوو: سەمیر هاندانۆڤیچ، گۆڵپارێزی ئینتەر میلان، بە باشترین گۆڵپارێز، کالیدۆ کۆلیبالی، یاریزانی ناپۆلی، بە باشترین بەرگریکار،میلینکۆڤیچ ساڤیچ، یاریزانی لازیۆ، بە باشترین یاریزانی ناوەڕاست، فابیۆ کوالیارێلا، یاریزانی سامپدۆریا، بە باشترین هێرشبەر و نیکۆلۆ زانیۆلۆ، یاریزانی ڕۆما، بە باشترین یاریزانی لاو دەستنیشان کران. شیاوی باسکردنە، هەڵسەنگاندنەکانی رابیتەکە، لەسەر پاشخانی ئاستی یاریزانەکان لە یاریەکانی، خول، جام و سوپەری ئیتاڵیا دەبێت.

ڕەمزی مەرەکانی

قالقێردی داوای دوژمنەکەی مێسی و سواریز دەکات



سەرچاوە هەواڵەکانی نزیک لە بەرشلۆنە بڵاویان کردەوە کە قالقێردی داوای لە بەرپرسانی یانەکەی کردووە کە ئەندری ڕۆبرتسۆنی سکۆتلەندی و بەرگریکاری یانەی لیڤەرپوول بگوازیتەوە بۆ ریزەکانی و لە وەزری داهاتوو یاریی بۆ بەرشلۆنە بکات.
ئەم هەوڵەی قالقێردی هەرایەکی ناوەتەوە و لێرە لەوێ دەنگی جیاجیا و نارەزایی بەرزبۆتەوە، چونکە هەمووان هەڵوێستی ئەو یاریزانەیان لەبیرنەچۆتەوە کە لەیاری گەڕانەوەیاندا بەرامبەر لیڤەرپوول لە ئەنفیڵد چۆن سوکایەتی بە مێسی دەکات و چەند جارێکیش بەتوندی بەرامبەر سواریز وەستاوەتەوە، بەڵام قالقێردی بێ ئەوەی ئەم ڕووداوە بیرخۆی بهێنیتەوە ڕایگەیاندووە کە ڕۆبرتسۆن خاوەن لیاقەیەکی بەرزە و توانایەکی بەهێزی هەیە لە ئاراستەکردنی تۆپ لەسەر زەوی کە ئەمەش ئەو شێوازەیە بەرشلۆنە پەیڕەوی دەکات.

نادال بووە پاڵەوانی ڕۆما

ڕافائیل نادالی ئیسپانی دوای ئەوەی لەنۆڤاک دیۆکیفیچی سربی و پۆڵینی یەکەمی جیهانی بردەوە، توانی نازناوی پاڵەوانێتی ڕۆمای بۆ تینس بەدەستهێنا.
نادالی پۆڵینی دووەمی جیهانی، دوو کاتژمێر و نیوی پێویست بوو تا ئەو یارییە بباتەوە و نازنای پاشای یاریگای خۆڵی پێ بدرێت، کە ئەمە یەکەمجاریەتی ئەمساڵ لەسەر ئەو جۆرە یاریگایانە نازناوەکەان بباتەوە کە پێشتر لە هەریەک لە پاڵەوانێتییەکانی مۆنتی کارلۆ و بەرشلۆنە و مەدرید شکستی هێنابوو.

دوای 4 ساڵ دابڕان و 11 نەشتەرگەری

کازۆرلا بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئیسپانیا کرایەوە



لویس ئینریکی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆ یەکەمین جار دوای 4ساڵ دابڕان و 11نەشتەرگەری، بەفەرمی سانتی کازۆرلای یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ڤیاریالی بانگهێشتی پێکهاتەی سەرەکی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی کردەوە.
یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانی پێکهاتەی سەرەکی هەڵبژاردەکەی بەسەرۆکایەتی لویس ئینریکی ڕاهێنەر بۆ هەردوو ڕووبەڕووبونەوەکەی بەرامبەر دورگەی فارۆ و سوید ڕاگەیاند کە لە پاڵاوتنەکانی شیاندنی یورۆی 2020 یاری دەکەن، لەنیو پێکهاتەی سەرەکیش بەفەرمی داوای کازۆرلای تەمەن 34 ساڵ کراوە ئەگەرچی 4 ساڵیشە لە هەڵبژاردەی ئیسپانیا دابڕاوە و لەهەمان کاتیش بەهۆی ئەو پێکانە یەک لەدوای یەکانە 11 جاریش نەشتەرگەری بۆ کراوە، بەڵام ئینریکی پێی وایە کە هێشتا توانایەکی لەباری ماوە بۆ ئەوەی بەرگری لە درێسی هەڵبژاردەی ئیسپانیادا بکات.



وەرزشوانێکی تورکیا بووە پاڵەوانی تایکواندۆی جیهانی

خەبات: ئەنقەرە

لە پاڵەوانییەتی ئافرەتانی تایکواندۆی جیانی، یاریزانی تورکیا، ئیردم یەمان لە کێشی ٦٢ کیلۆیی مەدالیای زێڕی بردەوە، لە کۆتا ڕۆژی پاڵەوانییەتەکەدا کە لە شاری مانچێستەری وڵاتی بەریتانیا بەڕێوە دەچوو، یاریزانی تورکیا، ئیردم یەمان لە کێشی ٦٢ کیلۆگرامی لە خولی یەکەمدا ڕووبەڕووی یاریزانی تونسی، ئەمەنی لایۆونی بووە و بە ئەنجامی ٩-١ سەرکەوتنی بەدەستێنا.
ئیردم یەمەن لە خولی سێیەمدا بە ئەنجامی ٢٨-٩ لە یاریزانی ئۆزبەکی، فیروزا سادیکۆڤا بردەوە و گەیشتە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتەکە، لە یاری کۆتایدا، ئیردم یەمەن ڕووبەڕووی یاریزانی بەڕازیلی کارۆلینا سانتۆس بووە و بە ئەنجامی ٢١-٧ سەرکەوت و بووە پاڵەوانی جیانی.



ڕۆژنامەی AS:

دوا سەرشۆڕی



ڕۆژنامەی asی ئیسپانی لە ژمارەی دوینێیدا تیشکی زۆری خستۆتە سەر دۆڕانەکەی یانەی ریال مەدرید لەناو یاریگا و جەماوەرەکەی بەرامبەر یانەی ریال بیتس و لە بەرگی یەکەمیدا بە ناونیشانێکی گەورە نووسیویەتی: (دوا سەرشۆڕی)، بەم دۆڕانەش یانەی ریال مەدرید خراپترین ریکۆردی لەماوەی 24 ساڵی ڕابردوو تۆمار کرد.
بەرگی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیە تیشکی خستۆتە سەر 3 ڕووداوی گرنگ و بەزەقی لە بەرگی ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ کردووە، لەوانە باسی لەو دوو گۆڵەی مێسی کردووە و نوسیویەتی مێسی تۆپی زێڕینی بردەوە، کە بۆ جاری شەشەم لەمێژوویدای بووە گۆڵکاری لالیگا، لەولاشەو ئاماژەی بە بردنەوەی نادال کردووە بەسەر دیۆکوفیچی سربی و نوسیویەتی:
نادال بە باشی دەگەڕێتەوە

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
The, 21. Apr. 2019 No: (5754)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ئێوارەخوانێکی بۆ بەربانگ ئامادەکردبوو

پادشای هۆڵەندا ڕێزی لە مانگی ڕەمەزان و موسڵمانانی وڵاتەکەی گرت




ساسان دەرویش-هۆڵندا

وێڕای پارتێکی دژ بەبێگانە و موسڵمانان کە بوونیان هەیە لە پەرلەمانی هۆڵەندا وخاوەنی 20ئەندامن لە پارتی ئازادی ، هەمیشە لە سەنگەردان بۆ دژایەتی کردن و ئالۆزکردنی ڕووداوەکان و تێکدانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە ئەو وڵاتە کە لە بنەماوە لەسەر زەویەکی بچوکی پڕکراوەی ئاو بنیادنراوە لەسەر دەستی خانەوادەی ڕەنگ پڕتەقاڵی و کراوەتە بە هەشتێک کە هەموکەس ونەتەوەی جیاواز لە چوارچێوەی یاسادا پێکەوە ژیان دەگوزەرێنن لە ماف و ئەرکیشدا جیاوازی نەبێ وهەموو وڵات بە مانی یەکەمی خۆیان بزانن ، لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەوکردنی ئاینە جیاوازەکان و هەبوونی سەدان مزگەوت و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری وکلتوری و قوتابخانەی ئاینی هەن کەهەرکەس بەئازادی وسەربەستی مومارەسەی ئاینی خۆێ دەکات ،ئەو پارتە سیاسییە نەیتوانی هیچ بگۆڕێ ، ئەوەتا بۆ ڕێزگرتن لە مانگی ڕەمەزان و موسڵمانانی وڵاتەکەی پادشای هۆڵەندا (قیلەم ئەلێکسەندەر) سەردانی یەکێک لە هۆڵەکانی شاری دینهاخی کرد کە بەشێک لە موسڵمانانی ئەو شارەی تێدا کۆدەبنەوە ،هەموو ڕۆژەکانی ڕەمەزان بۆ بەربانگ کردن و نانخواردن ، هەرچەندە کاتی ڕۆژ و شکاندن زۆر درەنگە بۆ هۆڵەندییەکان بۆنانخواردن کەچی پادشای هۆڵەندا بۆ نیشاندان و ڕێزگرتن و هەست نەکەن لە وڵاتێکی بێگانەدان لە سەرمێزی خوانەکەیان دانیشتوو هەر وەک ئەوان چاوەڕوانی دەکرد تا کاتی ڕۆژو شکاندن و نانی لەگەڵدا خواردن و گفتوگۆیەکی چڕوپڕی دەبارەی ئەم مانگە و پیرۆزییەکانی وگوێبیستنی بۆ تاکەکانی نێو هۆڵەکە ، سەرئەنجام خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەم دیدارە و سوپاسی گەرمی کردن بۆ میواندارییەکەیان و قبوڵکردنی ڕۆژوەکەیان ئەمەیە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و دیموکراسیانە.

هۆکارەکەی ئارامی و ئاسایشی کوردستانە

کۆنسوڵی ئەمەریکا لەشەقڵاوە خواردن و کەلوپەلی کوردی دەکڕێت

لەپەڕەی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە شاری هەولێر بڵاوکراوەتەوە: ستیف فەیگن کونسوڵی گشتی کونسوڵخانەی، ئەمریکا سەردانی بازاڕی پرچموجۆڵی شەقڵاوای کرد و هەندێک بەرهەم خۆماڵی تاقیکردەوە وەکو نانە قەیسی و سجوق و سرکەی هەنار و هەنجیری وشکراو و پاشان هەندێک نانی گەرمی خۆماڵی کڕی و چایەکی فرێشی خواردەوە. پێش دەرچوون بۆ هەندێک لە شوێنە گەشتیاریەکانی ناوچەکە، کونسوڵی گشتی گەرانێکی خێرای بە ناو بازاڕەکەدا ئەنجامدا و لەگەڵ دوکاندار و بازرگانەکانی بازاڕەکەدا دووا.



نانی هەورامی

وێنە: یوسف هەورامی



شێوەکار شاهۆ قەرەداغی شەشەمین پێشانگای لە سوید کردەوە

ئاشتی گەرمیانی- هەولێر

هونەرمەندی شێوەکاری کورد شاهۆ قەرەداغی لەسالی ١٩٧٩ لەشاری سلێمانی لەدایک بووە ،ماوەی ٢١ ساڵە لە وڵاتی سوید لە شاری ستۆکهۆڵم دەژیت ، هەر لەمندالی یەوە شەیدای هونەری نیگار کێشان بووە وە سەرسامە بەسروشتێ کوردستان ، چەندین تابلۆی شێوەکاری بە شێوەیەکی ڕیالیستی و سروشتی کێشاوە و پێشانگای تایبەتی لە ئاوارەیی لە شاری کەرەج کردۆتەوە تا ئێستا ٦ پێشانگای تایبەتی ئەنجام داوە لە وڵاتی ئێران و سوید.لە ڕۆژی ١٨ / ٥ / ٢٠١٩ بۆ دوو ڕۆژ پێشانگایەکی هاوبەشیان لەگەڵ هونەرمەندانی سویدی لە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری لەو شارەدا کردۆتەوە ،کە تیایدا دوو تابلۆی سروشتی کوردستان کە وێنەی (ئاسک و کەوە) بە ڕەنگی ئەکریلیک دایڕشتووە ، وە سروشتی جوانی کوردستانی خستۆتە ڕوو ، ژیانی ئاوارەیی و دوور لە کوردستان ئەو ئازارو غوربەتییەکە مرۆڤ بە هونەرو پیشەکەی خەمەکانی سارێژ دەکات ، هونەرمەند شاهۆ قەرەداغی بە کارو تابلۆکانی خەونی خۆشەویستی وڵاتەکەی دەهێنێتە دی .

کەنار تەها ڕەنگاڵەی میلۆدی دەکاتە جەژنانە



وریشە عومەر

هونەرمەندی میوزیکژەن نزار زێوێی بەخەباتی گوت: ڕەنگاڵەی میلۆدی بەرهەمێکی نوێی هونەرمەند (کەنار تەها) یە بەهاوکاری گروپی میوزیکی لوڕ ،بەرهەم دێت ئەم بەرهەمە لە(5) گۆرانی پێکهاتوە وەک کۆکتێلێک ، گۆرانیەکان لەزاراوە جیاوازەکانی کوردستانە لە کرماشان تا بادینان.

کاری میوزیکی لەلایەن نزار زێوێی ئەنجام دراوە، لەستۆدیۆی گروپی میوزیکی لوڕ تۆمار کراوە کاری وێنەگرتن و کلیپ کردنی بەسوپاسەوە کەنالی خاک گرتوبەتیە ئەستۆ ،کاری ژەنینی موزیکەکان لەلایەن ئەندامانی گرووپی میوزیکی لوڕەوە ئەنجام دراوە ،ئێستا بەرهەمەکە لەقۆناغی مۆنتاژ دایە دەمانەوێ لە جەژنی ڕەمەزاندا وەک جەژنانەیەک پێشکەشی گوێگرانی هونەری کوردی بکەین



جەنگەکە دەستی پێکرد و گوگڵ جێبەجێی دەکات

ئا: ئەندازیار کێوان حەسەن

دوای سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ٧٠ کۆمپانیای چین وکۆمپانیای هەواوی، کە نابێت هیچ کۆمپانیایەکی ئەمەریکی مامەڵە لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە بکات کە سزادراون، کۆمپانیای گوگڵ ڕایگەیاند کە هەموو خزمەتگوزاریەکانی خۆی ئەوەستێنێت بەرامبەر بە کۆمپانیای هەواوی..خزمەتگوزاریەکانی گوگڵ چین کە ئەیوەستێنێت بەرامبەر بە هەواوی ؟

Google play
Android system
Google Applications : Gmail, YouTube, Google maps ...etc

ئەمە واتای ئەوەیە کە هیچ وەشانێکی نوێی *Android*بە مۆبایلەکانی هەواوی ناگات، مەگەر دووبارە ڕێکەوتن ئەنجام بدەنەوە.